# دەربارەی
# ناکۆکییە دەروونییەکانی
# بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی

وەرگێڕانی بەڵگەنامەکان و نووسینی کۆمێنتارییەکان
سالار ڕەشید

## پێشەکیی

ئەم پەرتووکە, کۆکراوەی سەرجەم ئەو بەڵگەنامانەن, کە لە پەیوەند بە ناکۆکیی و خیلافاتە دەروونییەکانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە چەند مانگی ڕابردوودا, وەرمانگێڕان و لە کاتی خۆیدا لە سایتەکان بڵاومانکردنەوە.

پێم خۆش بوو, وە بەلامەوە گرنگ بوو, کاتێک کە ئەم نووسراوانە لە بەرگێکدا کۆئەکەمەوە, پێشەکییەکی تێروتەسەلی بۆ بنووسم و تیایدا بۆچوونی خۆم لەسەریان, بە پشتبەستن بە بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی تر, کە ژمارەیان زۆرن, بخەمە ڕوو. چونکە لەو پێشەکییانەی کە من بۆ وەرگێڕانەکانم نووسیوە, زیاتر ڕوونکرنەوە و وروژاندنی مەسەلەکانە, لە گۆشەو دیدگای جیاوازەوە, تاوەکوو کۆمەک بە خوێنەر بکات, کە بە دیقەتێکی زیاترەوە بیانخوێنێتەوە. بەڵام بەداخەوە کە نەمتوانی لە ئێستادا, پێشەکییەکی لەوجۆرە بنووسم, بۆیە بە کورتیی, چەند خاڵێک ئەخەمە ڕوو.

سەرەتا ئەبێ ئەوە بڵێم, کە ئەم مەسەلانە, یانی بابەتگەلی دەسەڵاتی سیاسیی, حیزب و شۆڕش, حیزب و دەسەڵات, شورا و دەسەڵات, حیزب و شورا, چین و دەسەڵات, دەوڵەتی کاتی, بەشداری لە دەسەڵاتی غەیرە کرێکاریی...هتد. زۆرکات جێگای مشتومڕ بووە, وە لەمەو دواش هەر ئەبێتەوە جێگای مشتومڕ و بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی, گرنگیی حەیاتی هەیە. بۆیە ئەم مەسەلانە, بە هیچ جۆرێک, ناکرێت فەرامۆش بکرێت.

من لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک ئەکەم, کە پێموایە لە کێشەکاندا تەوەرەیین.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکەم: کاتێک کۆرشی مودەریسیی دێتە سەر باسی ناکۆکییەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, وای دەگێڕیتەوە, کە گوایە هەر لەسەردەمی مەنسور حیکمەتدا و هەرلەسەرەتای پێکهاتنی حیزبەوە, دوو باڵ و دوو خەت لە نێو حیزبدا هەبووە, یەکێکیان باڵی کۆمۆنیزمی کرێکاریی, کە مەنسور حیکمەت نوێنەری بووە, ئەوی تریان باڵی چەپی نەریتیی «سوننەتی» کە حەمیدی تەقوایی نوێنەری بووە. بۆ سەڵماندنی ئەمەش, ئەو ڕەخنانەی مەنسور حیکمەت بە نموونە ئەهێنێتەوە, کە لە حیزبی گرتووە, کە چۆن هێشتا نەریتی چەپی لە نێو ئەم حیزبەدا ماوە, چۆن هێشتا ئەم حیزبە, ئەو حیزبە کۆمۆنیستییە کرێکارییە نییە کە ئەو لەبەرچاوی گرتووە و ...هتد.

ڕەنگبێ هەتا ئێرە مەسەلەکە ئاسایی بێت و هەموو ئەو قسەوباس و مێژووانەش کە کۆرش دەیگێڕێتەوە, درووست بن, بەڵام کێشەکە لە دواى ئەمەوە دەست پێ ئەکات, یانی, ئەوە دروستە کە مەنسور حیکمەت ڕەخنەی هەبووە و ڕەخنەی لەم حیزبە گرتووە, بەڵام ئایا ئەو ڕەخنانە ڕووی لە حەمیدی تەقوایی بووە, ئایا مەبەستی مەنسور حیکمەت لەو ڕەخنانە حەمید و لایەنگرانی ئێستای بووە؟ گرێی مەسەلەکە ئەلێرەدایە.....

کۆرشی مودەڕیسی ئەیەوێت ئەو ئەڵقەیە درووست بکات, یانی درووستکردنی ئەڵقەیەک بۆ لێکگرێدانی ڕەخنەکانی مەنسور حیکمەت بە حەمیدی تەقواییەوە! یانی کۆرش ئەڵێ, ئەو ڕەخنانەی مەنسور لە حەمید بووە! بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی مەلموس و واقیعی خستبێتە ڕوو!!

بێگومان مەنسور هەمیشە ڕەخنەی هەبووە, هەمیشە ڕەخنەی لە حیزبی ئێران و لە هی عێراقیش گرتووە, هەمیشە وتوویەتی هێشتا فلانە نەریتی



چەپیی لە نێو ئێمەدا بەهێزە, فلانە نەریتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لە نێو ئێمەدا لاوازە....بەڵام بەبێ ئەوەی کەسانێک تاوانبار وەیان بەرپرس بکات.

کاتێک مەنسور وەڵامی هاوڕێیانی فراکسیۆنی ناو حیزبی عێراق ئەداتەوە, ئەڵێ: "ئێوە دەڵێن لە حیزبی ئێمەدا ناکۆکییەکە لە نێوان تیۆری بەرنامە و تیۆری تەشکیلاتە. دەڵێن, مەسەلەکە لەسەر دووریی نێوان تیۆری کۆمۆنیستی و حیزب و پراتیکی وردەبۆرژوازییانەی ئەوە, خوێنەر ئەو چاوەڕوانییەی هەیە کەلەسەر ئەم بناغەیە, شیکردنەوەیەک لەسەر هۆیە مێژوویی, سیاسیی, کۆمەڵایەتی و مادییەکانی ئەم دوورییەی نێوان تیۆری و پراتیک ببیستێ, بەڵام ئەنجامگیرییەکەی ئێوە, هەموو مەسەلەکە بە کۆمەڵە کەسانێکەوە «هێڵی تەئکید لەلایەن مەنسور حیکمەتەوەیە» گرێ ئەداتەوە, کە پێ لەسەر ئەم پراتیکە دائەگرن. مەسەلەکە لەسەر ڕابەرایەتییە. بەبڕوای من هەم لەنێوان تیۆری و هەم لەنێوان پراتیکی ئێمەدا, کەلێنێکی واقیعی هەیە, بەڵام گومانم لەوەدا هەیە بکرێ تەفسیری گرفتێکی مێژوویی_ کۆمەڵایەتیی بەم جۆرە, کە لەڕاستیدا, نەبوونی لەم قۆناغەی بزووتنەوەکەی ئێمەدا جێگای سەرسوڕمان دەبوو, بخرێتە ئەستۆی چەند کەسێک لە هاوڕێیان!«هێڵی تەئکید لەلایەن ئێمەوەیە». پاشان ئەم ڕابەرایەتییە کێیە؟ ئایا مەبەست لە مەکتەبی سیاسییە؟ کۆمیتەی ناوەندییە؟ کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستانە؟ کۆمیتەی سلێمانییە؟ خودی ئێوە هاوڕێیان, وە بێگومان هاوڕێیانێکی زۆرتر لەنێو ئەو کەسانەی کە هاوبیری ئێوەن, ئەندامی ئەم کۆمیتانەن «هێڵی تەئکید لەلایەن ئێمەوەیە». ئەو شیکردنەوەیەی کە گرفتەکە لە شەخسەکاندا دەبینێتەوە, ئەرکێتی کە پەنجە بخاتە سەر هەوییەتی شەخسەکانیش "«هێڵی تەئکید للایەن ئێمەوەیە».



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەهەمان شێوە, کاتێک مەنسور ڕەخنەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گرتووە, مەبەستی ڕەخنە لە کەس و ئەفراد نەبووە, مەبەستی نە حەمید و نەکۆرش بووە, ئەگەر ڕەوشتێک, نەریتێکی غەیرە کرێکاریی, غەیرە کۆمۆنیستی لە حیزبدا بەهێز بووبێت, ئەوا ئەمەی نەخستۆتە پاڵ ئەفراد, کاتێک شەڕیشی لەگەڵدا کردبێت, شەڕی لەگەڵ ئەو نەریت و ئەو ڕەووشتە کردووە. بۆیە ئەو ئەڵقەیەی کە باسمان کرد, کە هاوڕێ کۆرش ئەیەوێ دروستی بکات, بۆ بەستنەوەی ئەو ڕەخنانەی مەنسور حیکمەت بە حەمیدەوە, واقیعەتی نییە. ئەوەتا مەنسور خۆی بوارێکی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە کە کارێکی لەو جۆرە بکات و ئەڵێت: "ئەگەر گرفتەکە لە شەخسەکانە, ئەبێ دەستنیشان بکرێت , کە ئەو شەخسانە کێن؟".

ئایا هاوڕێ کۆرش هیچ بەڵگەو دۆکیومێنتێکی لەوجۆرەی لە لایە؟ ئەگەر لایەتی با بفەرموێ, بۆمانی بخاتە ڕوو!

هەروەکوو مەنسور ئەڵێت, ئایا ئەو کاتەی کە مەنسور ئەم ڕەخنانەی گرتووە, کۆرش و لایەنگرانی لە ئەندامانی ئۆرگانە جیاوازەکانی ڕەهبەری و لە ترۆپکی ئەو حیزبەدا نەبوون؟! کەواتە ئەو ڕەخنانەی مەنسور چەندە پای حەمید و لایەنگرانی ئەگرێتەوە, ئەوەندەش پای ئەوان ئەگرێتەوە.

دووەم: کەواتە هەتا ئێستا, کۆرش, لەوەدا سەرکەوتوو نەبووە, کە کێشەی نێوان خۆیی و حەمید بگەڕێنێتەوە بۆ دوانزە ساڵ بەر لە ئێستا و خۆی چەسپکات بە مەنسور و بە جێگری, حەمیدیش ئەو کەسەی کە مەنسور ڕەخنەی لێ گرتووە. بۆیە ئەکرێ بڵێین کێشەکان لە دوای مەرگی مەنسور, لەو تەرحانەوە بووە کە کۆرش خستوویەتییە ڕوو, یانی, "سەرنگوونی کۆماری ئیسلامیی و ڕۆڵی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران".



ئەگەر وامان دانا کە ئەوە دروستە, کە ئەو خیلافە هی سەردەمی مەنسورە و هەر ئەو کاتە حەمید و لایەنگرانی لەبەرامبەر مەنسوردا بوونە و کۆرشیش سەر بە خەتی کۆمۆنیزمی مەنسور بووە! بەلاَم ئایا ئەکرێ بڵێین کە ئەو تێزانەی کۆرش تەرحی کردوون, هیچ نزیکایەتییەکی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی مەنسوردا هەبووە؟!

تەرحەکەی کۆرش, بریتییە لە نەخشەی دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی لەگەڵ باقی هێزەکانی ئۆپۆزیسۆن, هەر لە ئێستاوە!

گرفتی گەورەی ئەم تەرحە ئەمەیە. یانی پێش ئەوەی باسی ئەوە بکرێت کە ئەوانە کێن, کە کۆرش ئەیەوێت حکومەتی کاتییان لەگەڵ پێکبهێنێ, ئەبێ لەم جۆرە تێڕوانینە وردبینەوە. یانی ئەوە نادروستە تۆ هەر لەئێستاوە, نەخشەیەکی لەوجۆرە بکێشی و کاری سەربەخۆ و نەخشەی سەربەخۆی خۆت بخەیتە لاوە, وە تەبلیغ بۆ ئەم نەخشەیە بکەیت. ڕەنگە سبەی ڕۆژ لە هاوسەنگی نێوان ئێمە و ئەحزابی تری بۆرژوازیدا شتێکی کەمتر لەوەی کۆرشیش بکەین, گرفتەکە لەمەدا نییە, گرفتەکە لەوەدایە تۆ لە ئێستاوە کار و نەخشەو تەبلیغی سەربەخۆی خۆت تێکەڵ بەو حیزبانە بکەیت. دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیرێ, کە هاوسەنگی هێزی ئەو کاتە, جێگاوڕێگاو مەوقیعەتت دیاری ئەکات, پاشان هاوسەنگی هێز لە گۆڕاندایە. هەتا شۆڕشی نیسانی ڕوسیا کرا و قەیسەریش ڕووخا, لینین و بۆڵشەویکەکان کەمایەتی بوون, چەند مانگێک پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوونە زۆرایەتی.

لەڕاستیدا ئەم مەسەلانە نەک هەر لەگەڵ کۆمۆنیزمی مەنسور یەکناگرنەوە, بەڵکوو مەنسور لەسەردەمی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و لەسەردەمی "سەهەند"دا, بەتوندی ڕەخنەی لەم جۆرە میتۆدە هەبووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سێیەم: خاڵێکی تر ئەوەیە کە, کۆرش ئەیەوێت لەگەڵ کەسان و لەگەڵ هێزێک ئەو حکومەتە کاتییە پێکبهێنێ, کە بەشێک بوونە لە حکومەتی خوێنرێژی کۆماریی ئیسلامی و دەستیان سوور بووە بە خوێنی خەڵکی کرێکار و ئازادیخوازی ئێران. بەڵام گرفتی گەورە لێرەشدا, هێشتا ئەمە نییە, بەڵکوو لێرەشدا گرفتەکە لە بۆچوون و لە دیدگای کۆرشدایە. گرفتی گەورە لێرەدا ئەوەیە کە, ئەو بەشەی ئۆپۆزیسیۆن کە کۆرش ئەیەوێت حکومەتی لەگەڵدا پێکبهێنێ لە پاش رووخانی کۆماری ئیسلامیی, خۆی بەشێکە لە پرۆسەی رووخانەکە, یانی ئەگەر ئەم بەشەی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتی گرتە دەست, تۆ ئەبێ هەر وەک کۆماری ئیسلامیی حیسابی بکەیت و پێت وابێت ئەوە نەفەسی ئەخیری کۆماری ئیسلامییە, وە دەبێ لەوکاتەدا, ئەرکی تۆ ئەوەبێت, کە چۆن ئەو ئەخیر نەفەسەش ببرێت. نەک بچیت حکومەتی لەکەڵ پێکبهێنێ و دەستبگریت بەباڵیەوە و بیپارێزی لەوەی نەعرەتەی شۆڕش رایانماڵێت! چونکە ئەمانە خۆیان ناگرن, هەر ئەو هێزی شۆڕشەی کۆماری ئیسلامیی ئەروخێنێ, ئەمانەش گسک ئەدات.

سەیر لەوەدایە, کاتێک لە گفتوگۆکەدا, لەم بارەیەوە, یانی لەسەر دووی خوردادییەکان, پرسیار لە کۆرش ئەکەن, لە جیاتی وەڵامدانەوە و روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە, یان رەخنەلەخۆگرتن, ئەڵێت: ئەوانە نەمان!!

چوارەم:

ئەگەر وامان دانا ئەم تەرحانەی کۆرش دروستبوونە, ئایا ئەوە دروستە کە تۆ رازی نەبیت کە بخرێنە بەردەم ئەندامان و کادرانی حیزب؟! ئایا کەسێک خۆی بە هاوخەتی مەنسور بزانێت, ئەبێ ئاوەها لەگەڵ تەرح و بۆچوونەکانی خۆی رەفتار بکات؟! کۆرش رازی نابێت تەرحەکانی بخرێتە بەردەم کادران و



ئەندامانی حیزب, رازی نابێت لە کۆنگرەی چواریش تەرحەکانی بە ئەندامانی کۆنگرە رابگەیەنێت (( بەبیانووی ئەوەی کۆنگرە شوێنی ئەوە نییە!!)), ئەی ئیتر ئەم تەرحانەت بۆچییە و بۆ کێیە؟! ئایا ئەمە نەریت و تەقلیدی مەنسورە, کە کۆرش خۆی بەهەڵگری ئاڵاکەی ئەزانێت؟!

مەنسور حیکمەت, لە هەمان نامە, کە بۆ هاورێیانی فراکسیۆنی ناردووە ئەڵێت: "هیچ کەسێک لە مەوقیعەتی مەزڵوومییەوە نابێتە رابەری کەس..... پێکهێنانی رابەرایەتییەکی بەدیل, کە وادیارە ئامانجی ئێوەیە, تەنها لە رێگای خستنەروو و داکۆکیکردن لە بۆچوونەکانتان ئیمکانی هەیە".

...........................

لەگەڵ رێزم بۆ هاورێ کۆرش.

**سالار رەشید**

23. 12. 2004



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بنەمای ڕێکخراوەیی
# حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی

## پەسەندکراوی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

**پێشەکی:** بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, ئەو بنەما گشتییانەیە, کە بڕیارەکانی پەیوەست بە پەیڕەوی ناوخۆ و مەوازینی ڕێکخراوەیی حیزب پشتی پێ دەبەستێت. پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەهەر قۆناخێکدا, ئاوێتەیەکە لەم سەنەدە و لە ئاییننامە ئیجراییەکان و بڕیار و مەوازینێك کە کۆنگرە, وەیان کۆمیتە مەرکەزی حیزب لەسەر بنچینەی ئەم بنەما ڕێکخراوەییە, لە مەیدانە موشەخەسترەکانی هەڵسوڕانی حیزبیی, پەسەندی ئەکات. ئەم بڕیار و ئاییننامانە ناتوانن و نابێت لەکەڵ ئەم بنەمایانەی لەم سەنەدەدا هاتووە, دژبەیەك و ناکۆك بن.

❊



# بنەمای ڕێکخراوەیی
# حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

**"مەنسور حیکمەت"**

1. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی مارکسییە, بۆ ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی چینی کرێکار, بۆ بەدیهێنانی شۆڕشی کۆمۆنیستی پێکهاتووە. ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا خراوەتە ڕوو.

2. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, شوێنی یەکگرتن و هەڵسوڕانی کرێکارانی کۆمۆنیست و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای شۆڕشی کۆمۆنیستی چینی کرێکارە. ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا ئارەزوومەندانەیە. هەرکەسێك کە خۆی بە کۆمۆنیست و بە شەریکی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی حیزب بزانێت, وە ئامادەبێت, بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە, لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, هەڵسوڕانی ڕێکخراو ئەنجام بدات, دەتوانێت ببێتە ئەندامی حیزب. دووركەوتنەوە و وازهێنان لە حیزبیش کارێکی ئازاد و ئارەزوومەندانەیە.

3. ئەندامەتی لە حیزب, سنور و مەرج بۆ هیچ یەکێك لە ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکانی ئەندام دانانێت . بەهەمان شێوە, ئەندامەتی لە حیزب, لە هیچ هەلومەرجێکدا, نابێتە مایەی هیچ جۆرە ئیمتیاز وەیان باڵاتربوونی ئەو, لەچاو باقی خەڵکدا.

4. کادر, بە ئەندامێکی حیزب دەگوترێت, کە لە ڕێگای هەڵبژاردن, وەیان دانان, لێپرسراوێتی ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی هەڵسوڕانی حیزب, لە مەیدانێکی دیاریکراودا, لە ئەستۆ ئەگرێت. هەڵسوڕان بە عینوانی کادر, پێویستی بەوەیە, کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو مەوازین و دیسپلینانەی کە هاوشانی ئەو لێپرسراوێتییە حیزبییەیە کە ئەو کەسە لە ئەستۆی ئەگرێت, قبولّ بکات. ئەم مەوازین و دیسپلینانە, ڕەنگە لێپرسراوێتی زیاتر و وابەستەبوون بە زەبتوڕەبتی توندتر, بە بەراورد لەگەڵ مەوازینی گشتی چاودێر بەسەر ماف و ئەرکی ئەندامان بە شێوەیەکی گشتی, لە ئەستۆی ئەفراد دابنێت. مەوازینی چاودێر بەسەر هەڵسوڕانی کادری حیزب, لە بڕیارە تایبەتییەکانی هەڵسوڕانی هەر ئۆرگانێك و لە ئەسنادێکیش کە چاوەڕوانییە گشتییەکانی حیزب لە کادرەکان ختسویە ڕوو, دائەنرێت.

5. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ڕێکخراوێکە, بۆ ڕێکخستن و ڕێنوێنیکردنی خەباتێکی کۆمەڵایەتی, کە لەلایەن خودی چینی کرێکارەوەیە, وە تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی حیزب, تابیعی ئەم ئامانجە بنەڕەتییەیە. پێکهاتە و مەوازینی ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەجۆرێکە, کە پەیوەستبوونی هەرچی زیاتری پێشڕەوانی کۆمۆنیستی چینی کرێکار و هەڵسوڕانی بەردەوامی ئەوان لە حیزبدا, ئاسان و مسۆگەر ئەکات.

6. سێلولی پایەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, شانەی ئەندامانە, کە لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران پێکئەهێنرێت. ئاستە یەك لەدوای یەکەکانی ستوونی حیزب, ڕێکخراوێکی قوچەکی(هەرەمی), پێکهاتوو لە کۆمیتە مەحەلییەکانی حیزب ساز ئەکات, کە هەریەکەیان بردنەپێشەوە و ڕێنوێنی هەڵسوڕانی حیزبیان لە سنوورێکی زیندەگی_ جوگرافی دیاریکراودا, لە ئەستۆدایە. گرنگترینی ئەو کۆمیتانە بریتین لە کۆمیتەی مەحەل (کۆمیتەی شوێن: شوێنی کار وەیان ژیان_ وەرگێڕ), کۆمیتەی شار و ناوچە. کۆمیتەی مەرکەزی لە نوکی قوچەکی ڕێکخستنەکەدایە و تەواوی هەڵسوڕانی حیزب, لە ئاستی سەراسەریدا, ڕێك دەخات و ڕێنوێنی دەکات.



7. سەرباری ڕێکخستنی قوچەکی و ستوونی, حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەگوێرەی پێویست, کۆمەڵێك ئۆرگان و هەیئەتی پسپۆر و دەزگای ستادی لە چەشنی چاپەمەنی, دەزگاکانی ڕاگەیاندن و فێرکردن, یەکە و تۆڕەکانی پەیوەندیگرتن و شتی لەم جۆرە, پێکئەهێنێت, کە لەژێر چاودێری کۆمیتە پەیوەندیدارەکانی ڕێکخستنەوە هەڵئەسوڕێن.

8. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, بۆ بەرفراوانکردنەوەی نفوزی خۆی لە نێو ڕێکخراوە غەیرە حیزبییەکاندا, چ ڕێکخراوەی کرێکاریی وەیان غەیرە کرێکاریی, وە بۆ زاڵکردنی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر جموجۆڵی ئەم ڕێکخراوانە, وەیان بۆ بەدەستهێنانی ڕابەرییەکەی هەوڵ و تەقەلا ئەدات. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە هەر شوێنێك بە پێویستی بزانێت, بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوگەلێکی لەو چەشنە, خۆی دەستپێشکەری ئەکات. حیزب لە هەر ڕێکخراوەیەکی غەیرە حیزبیدا, بە شێوەی یەك جەناح و فراکسیۆنی ڕێکخراو, کار دەکات.

9. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, ئەرکێتی کە دەخاڵەت لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی چینایەتیدا بکات و ڕۆڵی پێشڕەویان تێدا بگێڕێ, هەروەها ئەرکێتی کە ڕەوتی کۆمۆنیستی نێو دەروونی چینی کرێکار لە ژێر هەر هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕێکبخات. لەم ڕووەوە حیزب, لەسەر بنچینەی ئەمە, ئێسکبەندیی بنەڕەتی, لەهەر قۆناخێك و لەهەر هەلومەرجێکدا, شێوە ئاراییشێکی ڕێکخراوەیی وەها بەخۆ دەگرێت, کە بتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییە دیاریکراوەکانی تێکۆشانی چینایەتی لەهەر دەورەیەکدا بێت. پێویستییەکانی هەڵسوڕانی ئاشکرا و قانونی و هەڵسوڕانی نهێنی و ژێرزەمینی, هەڵسوڕانی سیاسی وەیان عەسکەری, هەڵسوڕان لە دەورەی ئارام وەیان جموجۆڵی سیاسی, هەڵسوڕان لە هەلومەرجی لە ئارادابوون وەیان نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکارییەکان و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕێکخراوەکانی تر, هەریەکە کاریگەری لەسەر تایبەتمەندییە ڕێکخراوەییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و جۆری ئۆرگانەکانی و دەزگا تەشکیلاتییەکانی کە لەلایەن حیزبەوە پێکئەهێنرێت دائەنێت.

10. کۆنگرەی حیزب بەرزترین ئۆرگانی ڕابەری حیزبە, کە لانی کەم هەر دوو ساڵ جارێك ئەبەسترێت. کۆنگرە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە حیزبییەکان پێکدێت, کە بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە هەڵبژێردراوون. بەرزترین ئۆرگانی ڕابەری حیزب لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا, کۆمیتەی مەرکەزییە, کە لە هەر کۆنگرەیەکدا, ئەندامەکانی هەڵئەبژێردرێن.

11. تێکڕای کۆمیتە حیزبییەکان, لە ئاستە یەك لەدوای یەکەکانی ستوونی ڕێکخستن, بە هەڵبژاردنە.

12. لە ئاستە یەك لەدوای یەکەکانی ڕێکخستندا, ئەوەی کە ئەسڵە, پەیڕەویکردنی هەر کۆمیتەیەکە لە پەسەندکراوەکانی کۆمیتەی باڵاتر و پەیڕەویکردنی هەموو کۆمیتەکانە لە پەسەندکراوەکانی کۆمیتە مەرکەزی.

13. هاوفکریی لە دیاریکردنی ئامانجی هاوبەش و هاوهەنگاویی لە تێکۆشانی عەمەلی بۆ گەییشتن پێی, پرانسیپی بناغەیی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە. فراوانترین ئاڵوگۆڕی نەزەر و هاوفکری و زۆرترین کەشی کراوە بۆ دەربڕینی بۆچونەکان و تێڕوانینە جیاوازەکانی کەسەکان, لە پرۆسەی بڕیاردان بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارێك, لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا, هاوشانی توندوتۆڵترین زەبتوڕەبت و هاوهەنگاوی و یەکپارچەیی عەمەلی لە بەرەوپێشەوەبردنی سیاسەت و هەنگاوە پەسەندکراوەکان, کۆڵەکەی لەجیاوەبوونەهاتووی پەیوەندییە دەروونییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێکئەهێنێ.



14. زەبتوڕەبتی توندوتۆڵی تەشکیلاتی, مەرجی پێویستی ئیدامەکاری و پێشڕەوی حیزبێکی شۆڕشگێڕی کرێکارییە, لە هەلومەرجی نالەبار و سنورداركراوی مەوجود, تەنانەت لە وڵاتە زۆر لیبراڵەکانیشدا. زەبتوڕەبتی زاڵ بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری, زەبتوڕەبتێکی پشتبەستوو بە هوشیاری ئەندامان لەسەر پێویستییە عەمەلییەکانی تێکۆشانی کۆمۆنیستی و هەلومەرجەکانی هەڵسوڕانی حیزبە. دیسپلینی حیزبی بە پلەی یەکەم, پەیوەستە بە هاوئاهەنگی سیاسی و مەعنەوی حیزب و پوختەیی و هوشیاری ئەندامان و هەڵسوڕاوان. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە میانەی هەوڵ و کۆششی هەمیشەیی, بۆ فێرکردنی ئەم دیسپلینە و بەهێزکردنی ئەم ئاگایی و هوشیارییە لە نێو ئەندامان و هەڵسوڕاوانی خۆیدا, لەبەرامبەر لادان لە پرانسیپی حیزبیدا, هەنگاوی ئینزیباتی دیاریکراو ئەگرێتەبەر. ئاگادارکردنەوەی ڕەسمی, سوکترین و دەرکردن (لێسەندنەوەی ئەندامەتی), توندترین هەنگاوی ئینزیباتییە, لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییدا.

15. بناغەی دیاریکردنی ئەرك و لێپرسراوێتی حیزبیی هەر کەسێك, ئامادەیی و پەسەندکردنی ئاگایانەی خودی ئەو کەسەیە. هیچ کەسێك لە ئەندامانی حیزب, بە زۆر و بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی, بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەر ئیشوکارێك, وەیان قبوڵکردنی هەر مەئموریەت و لێیپرسراوێتییەك, ڕاناسپێردرێت. لەهەمانکاتدا, قبوڵکردنی هەر لێپرسراوێتییەکی تەشکیلاتی و ئامادەبوون لە هەر ئۆرگانێکی حیزبیی , بە مانای, ڕاگەیاندنی ئامادەیی ئاگاهانەی ئەو کەسە, بۆ قبوڵکردنی ئیشوکار, نۆرم و دیسپلین و مەوازینی تەشکیلاتی تایبەت بەو پۆستە وەیا ئەو ئۆرگانەیە.

16. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, لە ژیانی خسوسی ئەندامەکانیدا دەخاڵەت ناکات. ئەم مافە, هەمیشە بۆ حیزب پارێزراوە کە هەرکاتێك ڕەفتار و کردەوەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەندامانی حیزب لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا, پێچەوانەی پرانسیپەکانی حیزب بێت, هەنگاوی ئینزیباتی پێویست, تا ڕادەی لێسەندنەوەی ئەندامەتی ئەو کەسە, بەکار ئەهێنێت.

❊ ❊ ❊

بۆ یەکەمین جار, لە ئازەری 1374, دیسامبەری 1995
لە "انترناسیونال" ی ژمارە 19دا بلاوبۆتەوە.
ئەم باسە لە کتێبی:
منصور حکمت
مجموعە اثار
جلد هشتم
1992 -1997
1370 -1376
ل 283_286
وەرگیراوە
❊
2004 .09 .17



# تەرحی سازماندەیی ڕابەریی حیزب

**"مەنسور حیکمەت"**

**پەسەندکراوی پلینۆمی (14) هەمی کۆمیتەی ناوەندیی ( سێپتامبەری 2001)**

پێشەکی: ئامانجی ئەم تەرحە, خستنەڕووی شێوەیەکی خوازراو, بۆ سازماندەیی درێژماوەی ڕابەریی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە, کە جووت بێتەوە لەگەڵ موشەخەساتی تایبەتی حیزبمان. تاقیکردنەوەی ئەم دواییە نیشانی دا, تەرحی پەسەندکراوی پلینۆمی پێشوو, کە لەوێدا دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەسەر مەکتەبی سیاسی و لیدەری حیزبدا دابەش بووە, دەتوانێت لەکاتی لە ئارادابوونی پێویستییە دیاریکراوەکانی, بۆ هێنانەکایەوەی ڕابەرییەکی کاریگەر و بەهێز, تەرحێکی گونجاو بێت. لەهەمانکاتدا لە کاتی لە ئارادانەبوونی ئەو پێویستییانە, حیزب بەرەو شکست ئەبات. بۆنمونە, گردەوەبوون و کۆبوونەوەی یەك لەدوای یەك و زووبەزووی مەکتەبی سیاسی, وە لە ئارادابوونی سیستەمێکی ئیداریی ناوخۆیی پشتبەستوو بەو مەرجە, سەرەنجامی ئەرکی ئەم ئۆرگانەیە, بە ناونیشانی دەزگایەکی سەرەوەی حیزب, کە سیاسەت دائەڕێژێ و لێی دەپرسێتەوە. بە نەبوونی ئەم گردەوەبوون و دەخاڵەتگەرییەی مەکتەبی سیاسی, لایەنێکی بنەڕەتی تەرحی پەسەندکراوی پلینۆمی پێشوو, نایێتە جێبەجێکردن. لەلایەکی ترەوە, هەڵبژاردنی کەسێك بە ناونیشانی لیدەر, تا ئەوکاتە بە شێوازێکی کارساز دەژمێردرێ کە: یەکەم, کاندیدگەلێکی کافی و ئامادە بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە لە ئارادابێت, دووەم, لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەمانکاتدا, کەسێك وەیان چەند کەسێك لە کاندیدەکانی ئەم پۆستە, لە ئۆتۆریتەیەکی سیاسی و مەعنەوی جێکەتوو, کە یەکگرتوویی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی حیزب لە ژێر ڕابەرایەتی خۆی ڕابگرێ, بەهرەمەند بێت. ئەگەر بەم جۆرە نەبێت, ئەوا دانانی لیدەر, ئەشێ, بە یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی سازمانکاری ڕابەری, بگۆڕێت. هەڵبژاردنی لیدەرێك بۆ حیزبێکی ئاسایی و جێکەوتە لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژئاواییدا, حیزبێکی بەهرەمەند لە نەریتی بەهێزی کاری حیزبی, بە فراکسیۆن و باڵگەلی شکڵگرتووەوە, شێوازێکی گونجاوە. بەڵام لە حیزبێکی شۆڕشگێڕی دژەڕێڕەودا, ئەرکێکی بنەڕەتی لیدەر پێکهێنان و پاراستنی یەکێتییەکی بەرفراوانی حیزبییە. ئەوەی کە لەهەر دەورەیەك و لە هەر هەلومەرجێکدا, کەسێك وەیان کەسانێك بەم تایبەتمەندی و ئۆتۆریتەیەوە حزوریان هەبێت و ئامادەی ئەم لێپرسراوێتییە بن, ناتوانرێت مسۆگەر بکرێت.

سەرەنجام, ئەم تەرحەی بەردەست, لەسەر چاوپیاخشاندنەوە بە دوو خاڵ لە شێوازی سازمانکاری ئێستا, بنیاتنراوە.

1. لە جێگای فەردی لیدەر, کۆڕێك (مجمع), دەستەگەلێك, جەمعێکی ڕابەری جێگیر, پێشنیار ئەکرێت. ئێستا کەسێك لەسەرەوەی ئەم جەمعە قەراری گرتووە, بەڵام دەسەڵاتەکانی تا ئاستی سکرتێری ئەم جەمعەیە و لە مافی ڤیتۆی تایبەتی بەهرەمەند نییە.

2. دابەشبوونی دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەسەر لیدەر و مەکتەبی سیاسیدا, هەڵئەوەشێتەوە. تەواوی دەسەڵاتەکانی ڕابەری حیزب لە ماوەی نێوان دوو پلینۆمدا, بۆ مەکتەبی سیاسی ئەگوێزرێتەوە. ڕابەریی جێگیر (کە لەم تەرحەدا, ناوی نراوە هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی), بەشێکە لە خودی مەکتەبی



سیاسی, کە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە, بۆ ڕابەرایەتی سیاسی و ڕێنوێنیکردنی عەمەلی و سازماندەیی حیزب هەڵئەبژێردرێت.

ئەم تەرحە بەڕووکەش, لە هێڵەگشتییەکانیدا, گەڕانەوەیە بۆ شێوە کۆنەکەی سازماندەیی ڕابەری حیزب (مەکتەبی سیاسی بە ناونیشانی ڕابەری حیزب, لە ماوەی نێوان دوو پلینۆمدا). بەڵام ئەبێ, جەخت لەسەر چەند جیاوازییەکی عەمەلی و شێوەکاریی کەلەم تەرحەدایە, لەگەڵ شێوە کۆنەکەیدا بکرێت:

1. لە ئارادابوونی ڕابەرییەکی جەمعی جێگیر و گردوکۆ لە جوگرافیایەکدا, کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە سەرەوەی حیزب حزوری هەیە, کۆڵەکەی بناغەیی ئەم تەرحەیە. هەتا ئێستا حیزب, لە ئاوەها گردوکۆیەکی ڕابەری بەهرەمەند نەبووە.

2. ئەم جەمعە بە تەنها ڕابەرایەتیکردنی جێبەجێکردن و ئیدارەکردنی حیزبی لە ئەستۆدا نییە, بەڵکوو ڕابەرایەتیکردنی, بە مانا فراوانەکەی, لە ئەستۆدایە. نەخشەدانەری گشت سیاسەتەکان, تاکتیکەکان, نەخشەکانی کار, کەمپینەکان و شتی تر, شیکردنەوەی ئەوانە لە ناوە و لە دەرەوەی حیزب, داکۆکیکردن لێیان, پیادەکردنیان, سازدان و ئامادەکرنی هێز, لە نێو حیزب و چین و کۆمەڵگادا, بۆبەجێگەیاندنی ئەوانە, بناغەی هەڵسوڕانی ئەم جەمعەیە. نوسین و قسەکردن لەسەر لایەنی جۆربەجۆر, لە مەسەلەی تیۆرییەوە هەتا ئەگاتە مەسەلەی سازماندەیی, بەشێکی بنچینەیی و لە دابڕاننەهاتووی کاری ئەم جەمعە و ئەندامەکانییەتی. گۆڕینی ئەم هەیئەتانە بە ئۆرگانی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی ڕووت و بەس, بەمانای تەواوی وشە, یانی مەحرومکردنی حیزب لە ڕابەری.

3. بناغەی بەکارهێنانی چاودێریکردنێکی سەربەخۆ لەسەر ڕابەری نیشتەجێی حیزب لەم تەرحەدا, لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە (چاودێریکردنێك, کە لە تەرحی پلینۆمی پێشوودا, لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە لەسەر لیدەر بەکارئەهێنرا), بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵبژاردنی سکرتێرێك بۆ کۆمیتەی ناوەندی, کە ئەندامی ڕابەری جێگیری حیزب نییە و سەربەخۆ, ڕاپۆرتی خۆی ئەداتە پلینۆم, زامن ئەکرێت.

سەرەنجام, هەر تەرحێك, تەنها بە ئەندازەی ئیرادە و توانایی جێبەجێکەرانی کاریگەر و بەکەڵك ئەبێت. یەك پرانسیپی بناغەیی هەر تەرحێك بۆ سازماندەیی ڕابەری حیزب, لە ئارادابوونی کەسانێکە کە ئامادەبن بە پلەی یەك ڕابەری سیاسیی و حیزبیی بەمانای دروست و تەواوی وشەکە, دەرکەوتبن. لێرەدا دیسانەوە, ئامادەیی کۆمیتەی ناوەندیی, مەکتەبی سیاسی و بەتایبەت, هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی, بۆ بەئەنجامگەیاندنی کاروبارێك کە لە ئەستۆی دەگرن, مەرجی سەرکەوتوویی ئەم تەرحەیە.

## بینای ڕابەری حیزب و ئۆرگانەکانی:

1. کۆنگرەی حیزب, کۆمیتەی ناوەندیی هەڵئەبژێرێت.
2. کۆمیتەی ناوەندیی, ئۆرگانێکی پلینۆمییە. لەماوەی نێوان دوو پلینۆمدا, مەکتەبی سیاسی هەڵبژێراوی پلینۆم, ڕابەریی حیزبی لە ئەستۆدایە.
3. مەکتەبی سیاسی بۆ مسۆگەرکردنی ڕابەریی هەمیشەیی و نیشتەجێی حیزب, لە نێوان خۆیاندا "هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی" و "سەرۆکی مەکتەبی سیاسی" هەڵئەبژێرن.
4. هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی, ڕابەریی جێگیری سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبە. سەرۆکی مەکتەبی سیاسی, لەسەرەوەی هەیئەتی دائیمی, قەراری گرتووە و کۆبوونەوەکانی هەیئەتی دائیمی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی ئەنجام ئەدرێت. بڕیارەکانی هەیئەت, بە زۆرایەتی ڕێژەیی دەنگەکان بەئەنجام ئەگەیەنرێت.



5. دەسەڵاتەکانی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی لە هەیئەتی دائیمیدا, هاوشێوەی سکرتێری ئۆرگانێکە. سەرۆکی مەکتەبی سیاسی لە پرۆسەی بڕیارداندا, هەروەکوو ئەندامانی تری هەیئەتی دائیمی, خاوەنی یەك دەنگە.
6. هەیئەتی دائیمی مەکتەبی سیاسی, جەمعێکی گردوکۆ و جێگیر لە تاکە وڵاتێکدایە.
7. تەرح و سازماندەیی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی حیزب (پێکهێنانی هەیئەتی سکرتێرەکان, کۆمیتەی جێبەجێکردن, مەکتەبی ناوەندی و ئۆرگانی تر), لە دەسەڵاتەکانی هەیئەتی دائیمییە.
8. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی بەهەمان شێوە, کەسێك بە ناونیشانی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی, هەڵئەبژێرێت. سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی نابێت, ئەندامی مەکتەبی سیاسی بێت. سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی, مەرجەعێکی تەنفیزی نییە, هەروەها مەرجەعێك نییە بۆ داڕشتنی سیاسەت و بۆ ڕابەریکردن. ئەرکی سەرەکی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە پێی ئەسپێردرێ, چاودێریکردنێکی سەربەخۆیە, لەسەر هەڵسوڕانی مەکتەبی سیاسی و ڕابەری حیزب, وە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی جیاکارە لەوبارەوە, بۆ پلینۆم. بانگەوازکردن و سازماندەیی پلینۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندیی, لەلایەن سکرتێری کۆمیتەی ناوەندییەوە ئەنجام ئەدرێت.
9. پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی بەلای زۆرەوە, شەش مانگ جارێك و کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی, دوو مانگ جارێك, ئەبەسترێت.
10. سەنگوپێوانەکانی جێبەجێکردن و وردەکارییەکانی تری ئەم تەرحە, لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە, دائەڕێژرێ و بڕیاری لەسەر ئەدرێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

❊ ❊ ❊

له "انترناسیونال هفتگی",
بڵاوکراوەی ((حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران)),
ژماره 70
16 شهریور 1380
7 سپتامبر 2001
سردبیر: فاتح بهرامی
بڵاوکراوەتەوە

❊

23. 09. 2004



**ڕوونکردنەوە: خوێنەری بەرێز!**

**ئەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم بەڵگەنامەیە دە ساڵ بەر لە ئێستا و وەک پێشنووسێک لە "انترناسیونال", بڵاوکراوەی "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران", بڵاوکراوەتەوە. سەرباری ئەوەی کە ئەم گەڵاڵەیە نەبوتە پەیڕەوی ناوخۆی حیزب, وەرگێڕانیم لەم هەلومەرجەدا بە پێویست زانی. وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامەیە بەو مەبەستە نییە کە ئەحکامەکانی لێوە دەربهێنی, بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە ئاسۆی بیرکردنەوە و هوشیاری کەسانێک کە ئەم مەسەلانە جێی بایەخیانە, لە ڕووی دەستوور و پێودانگ و بنەما و ماف و دەسەڵاتەکان, کە بەهۆیەوە پەیوەندی ناوخۆیی حیزبێک ڕێک ئەخرێت, فراوان کات و بەرێتەسەر, وە لە هەلومەرجی هەنووکەیی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییدا, کۆمەکی پێ بکات.**

**سالار ڕەشید**

❊

# پێشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

**مادەی یەکەم:**

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستییە بۆ سازماندەیی و بەجێگەیاندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستیی. بنچینەی فکری و ئامانجەکانی حیزب لە بەرنامەی حیزبدا باسکراوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بەشی دووەم: بنەمای ڕێکخراوەیی

**مادەی دووەم:**

لەسەر بنچینەی ئەم پێودانگانەی خوارەوە, حیزب پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خۆی دائەمەزرێنێ:

1. تەواوی ئۆرگانە ڕابەرییەکان لە خوارەوە تا سەرەوە, بە هەڵبژاردنە. هەڵبژاردنی گشت ئۆرگانە ڕابەرییەکان, بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە.
2. پەیڕەویکردنی ئۆرگانەکانی خوارەوە لە ئۆرگانەکانی سەرەوەی خۆی, وە پەیڕەویکردنی تەواوی حیزب لە شورای ناوەندی و کۆمیتەی جێبەجێکردن.
3. پەیڕەویکردنی تاك لە بڕیار و پەسەندکراوەکانی حیزب, کەمایەتی لە زۆرایەتی.
4. ڕێکخراوە مەحەلییەکانی حیزب, لە کاروباری ناوخۆیی و مەحەلی خۆیاندا, دەسەڵاتیان هەیە.
5. کەمایەتی مافی ئەوەی هەیە کە خیلافاتەکانی خۆی لەگەڵ زۆرایەتی, بە ئاگاداری ئەندامان بگەیەنێ.

## بەشی سێیەم: ئەندامەتی

**مادەی سێیەم:**

ئەندامی حیزب بە کەسێك ئەڵێن کە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب قبوڵ بکات, ئابوونەی ئەندامەتی بەحیزب بدات و لەگەڵ حیزبدا هەڵسوڕانی سازماندراو ئەنجام بدات.

مەرجی قبوڵکردنی ئەندامەتی کەسێك, پشتیوانیکردنی دوو ئەندامی حیزبە لەو کەسە و قبوڵکردنێتی لەلایەن کۆمیتەیەکی تەشکیلاتی حیزبەوە.



**مادەی چوارەم:**

قبوڵکردنی ئەندام لە هەموو تەشکیلاتە مەحەلییەکانی حیزب, بە پەسەندکردنی کۆمیتەی ئەو تەشکیلاتە ئەنجام ئەدرێت.

**مادەی پێنجەم:**

1. هەموو ئەو کرێکارانەی کە خۆیان سەربە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران ئەزانن و هەڵسوڕاوی کۆڕوکۆمەڵ و تۆڕە کرێکارییەکانن لە ئێران, لە ڕوانگەی حیزبەوە بە ئەندامی حیزب ئەژمێردرێن.
2. بەلەبەرچاوگرتنی سەختیی دامەزراندنی پەیوەندییەکی بەردەوام و ڕێکوپێك, پەیوەستبوونی سیاسی ئەم هاوڕێیانە بە حیزبەوە, لە ڕووی ماف و لەباری ڕێکخراوەییەوە, مانای تەواوی خۆی هەیە, بەدەرلەوەی ئەندامەتی فەرمی ئەوان چ کاتێك و لە چ هەلومەرجێکدا پێیان ڕا دەگەیەنرێ. ئەرکی سەرشانی ڕابەری حیزبە کە ڕۆڵ و کاریگەری ئەم هاوڕێیانە لە چارەنووسی سیاسی حیزبدا مسۆگەر بکات.

**مادەی شەشەم: ئەرکەکانی ئەندام**

ئەرکی سەرشانی ئەندامە کە:

1. پەیڕەوی لە پەیڕەوی ناوخۆ, ئاییننامە و پەسەندکراو و بڕیارە تەشکیلاتیەکانی حیزب بکات.
2. ئابوونەی ئەندامەتی, بەشێوەیەکی بەردەوام بە حیزب بدات.
3. لە پاراستنی نهێنییەکان, بەڵگەنامە و مڵکومالّی حیزب جیدی بێت.
4. لەهەوڵی بەرزکردنەوەی هوشیاری کۆمۆنیستی خۆیدا بێت.
5. ئامانجەکانی حیزب تەبلیغ بکات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

6. بەشێك لە كات و ئینێرژی خۆی, لە پەیوەندییەكی ڕێكخراودا, بخاتە خزمەت بەرەوپێشەوەبردنی ئەركەكانی حیزب. چۆنیەتی مسۆگەركردنی هەڵسوڕانی ڕێكخراو لەگەڵ حیزب لەهەر بڕگەیەكدا, لەلایەن كۆمیتەی جێبەجێكردن و شورای ناوەندییەوە دەسنیشان ئەكرێت.
7. پەیوەندی نێوان حیزب و خەڵك دابمەزرێنێ و بەرفراوانی بكاتەوە.

**ماددەی حەوتەم: مافەكانی ئەندام**

مافی هەر ئەندامێكی حیزبە كە:

1. لە باس و لە دەربڕینی بۆچوون, سەبارەت بە هەڵوێست و سیاسەتەكانی حیزب, لە ڕێگای میكانیزمەكانی حیزبەوە بەشداریی بكات.
2. لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەكانی تەشكیلاتەكەی خۆی بەشداری بكات, هەڵبژێرێ و خۆی كاندید كات.
3. لە پرۆسەی بڕیارڕدان لە یەكە حیزبیە پایەییەكەی خۆیدا بەشداری بكات و لە یەكلاكردنەوەی بڕیارەكەدا دەنگ بدات.

**ماددەی هەشتەم: قبوڵكردنی كادر**

بە كەسێك ئەوترێت كادری حیزب, كە سەرباری لەئامادابوونی مەرجەكانی ئەندامەتی تیایدا, ئامادەبێت و بتوانێت سازماندەیی هەڵسوڕانی حیزبی, وەیان ڕێنوێنی ئەندامانی حیزب لە سنوورێكی دیاریكراودا لە ئەستۆ بگرێت.

ماددەی نۆیەم: قبوولكردنی كادر

1. سەنگوپێوانە بۆ كەسێك كە بە ناونیشانی كادری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئەوەیە كە:

ا: ئەو كەسە خۆی خوازیاری كاری ئەو مەیدانەبێت.



ب: ئاشنایی كافی دەربارەی ماركسیزم و مێژووی سۆسیالیزم هەبێت و بتوانێت لە شوێنی هەڵسوڕانی خۆی تەرویجی ماركسیزم و سیاسەتی سۆسیالیستی بكات.

ج: توانای عەمەلیی بەڕێوەبردنی كاروباری حیزبی لە چوارچێوەی لێپرسراوێتی خۆیدا هەبێت.

2. هەر ئەندامێكی حیزب داوای بوونە كادری ڕابگەیەنێ و پەیمانی ئەوە بدات كە ئەركەكانی كادر ئەنجام ئەدات, وە ئەم داوایە لەلایەن كۆمیتەی جێبەجێكردنەوە قبولّ بكرێ, ئەوا ئەو كەسە بە كادر قبولّ ئەكرێت. لە كاتی هەڵبژاردن بۆ لێپرسراوێتییەك, كە هەڵبژاردن بۆ ئەو كارە پێویستی بە كادربوون بێت, ئەوا لەكاتی هەڵبژاردنی كاندیدێ كە ئەو داخوازی و پەیمانەی ڕاگەیاندووە, بەمانای قبوڵبوونی ئەوە بە ناونیشانی كادر.

تێبینی: كادری حیزب لە پەیوەست بە مافەوە, جیاوازییەكی لەگەڵ ئەندامی حیزبدا نییە.

**ماددەی دەیەم: وازهێنان لە حیزب**

ئەندامەتی لە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئارەزوومەندانەیە و هەر ئەندامێك بە خواستی خۆی, ئەتوانێت واز لە ئەندامێتی خۆی لە حیزب بهێنێ. ئەو ئەندامەی كە خوازیاری وازهێنانە لە حیزب, خواستی خۆی بەشێوەیەكی فەرمی بە كۆمیتەی سەرووی خۆی ئەگەیەنێ, كاری خۆی لەگەڵیان یەكلا ئەكاتەوە.

**ماددەی یانزەیەم:** ئەندامەتی ڕێكخراوەكان لە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران

1. ڕێكخراوە و گروپە كرێكارییەكان, كە خوازیاری ئەندامەتین لە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران, لە حاڵەتی قبوڵكردنی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب, ئەتوانن بە شێوەیەكی ڕێكخراو ببنە ئەندامی حیزب.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

2. قبوڵکردنی ئەندامەتی و بەهەمان شێوە بە ڕەسمیناسینی ئەم ڕێکخراوانە, لە دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی جێبەجێکردنە.

3. لەکاتی بەڕسمییەتناسینی ئەم ڕێکخراوانە بەناونیشانی تەشکیلاتی حیزبیی, لە ئۆرگانە ناوەندییەکانی حیزب ڕادەگەیەنرێت.

4. ئەو ڕێکخراوانەی کە 6 مانگ بەسەر ڕاگەیاندنی قبوڵکردنیان تێپەڕئەبێت, ئەتوانن بۆ کۆنگرەی حیزبی نوێنەر بنێرن.

## بەشی چوارەم: بینای ڕێکخستن

### مادەی دوانزەیەم:

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, ڕێکخراوێکی سەراسەرییە و پشتی بە ڕێکخستنە مەحەلییەکان بەستووە.

### مادەی سیانزەیەم: ڕێکخستنە مەحەلییەکان

1. کۆمەڵەیەکی پێکهاتوو لە ئەندامانی حیزب, لە سنوورێکی دیاریکراودا, کە سەرباری بردنەپێشەوەی ڕێکوپێکی کارە بنچینەییەکانی تەبلیغ و تەرویجی کۆمۆنیستی و سازماندەیی حیزبیی کرێکاران, بەهرەمەند بێت لە نفووزێکی کافی بۆ کاریگەری دانان لەسەر لایەنەکانی تری خەباتی چینی کرێکار, بە ڕێکخستنی مەحەلی حیزب ناو دەبرێت. ڕێکخستنە مەحەلییەکانی حیزب, بەرەوپێشەوەبردنی گشت لایەنەکانی هەڵسوڕانی تەشکیلاتی قەڵەمڕەوی خۆی, لە ئەستۆدایە.

2. شێوە بنەڕەتییەکانی ڕێکخراوی حیزب لەسەر بنەمای شوێن, لە خوارەوە بۆ سەرەوە, بریتین لە: ڕێکخستنی شوێنی کار, ڕێکخستنی بەش, ڕێکخستنی شار, ڕێکخستنی پارێزگا و ڕێکخستنی ناوچە.



### مادەی چواردەیەم: ڕێکخستنی ناوەندیی

ڕێکخستنی ناوەندیی, پێکهاتێکە لە ئەندامانی حیزب, کە ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری کۆمیتەی جێبەجێکرندایە, بە مەبستی بردنەپێشەوەی کاروباری سەراسەری حیزب, ئاسانکردنی کاری ڕابەریی تەواوی حیزب و هاوئاهەنگردنی هەڵسوڕانە مەحەلییەکان.

هەڵسوڕان لە ڕێکخستنی ناوەندیی حیزب, لە چوارچێوەی بڕیار و دیسپلینێکی تایبەتدایە, کە لە لایەن کۆمیتەی جێبەجێکردنەوە دیاری ئەکرێت.

### مادەی پانزەیەم: شێوە ڕێکخراوەییەکانی تر

کۆمیتەی جێبەجێکردن و شورای ناوەندی حیزب, لە کاتی پێویستدا, ئەتوانێت بەجیا لەو شێوە ڕێکخراوەییانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە, شێوەی ڕێکخراوەیی تر پێکبهێنێ.

### مادەی شانزەیەم: ڕێکخراوەی پایەیی حیزب

1. ڕێکخراوەی پایەیی حیزب, شانەی ئەندامانە, کە چوارچێوەی ئەرکەکانی, لەهەر هەلومەرجێکی جیاوازی هەڵسوڕانی حیزب, لەلایەن کۆمیتەی جێبەجێکردنەوە دەسنیشان ئەکرێت.

2. کۆڕوکۆمەڵە کرێکارییەکان لە ئێران, کە خۆیان سەربە حیزب دەزانن, بە یەکێك لە شێوەکانی ڕێکخراوەی پایەیی حیزب لە ئێران دەژمێردرێن.

### مادەی هەڤدەیەم: کۆمیتەکان

1. باڵاترین ئۆرگانی هەر ڕێکخستنێکی مەحەلی, کۆمیتەی ئەو ڕێکخستنەیە. کۆمیتە لێپرساوی ڕێنوێنیکردنی ڕێکخستنەکانی سەربە خۆیەتی, لەسەر بنەمای سیاسەت و پەسەندکراوەکانی حیزب.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

2. هەر کۆمیتەیەك لە نێوان ئەندامەکانی خۆیدا , کەسێك بە ناونیشانی سکرتێر دائەنێت. سکرتێر, لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی ئەو کۆمیتەیەدا , لێپرسراوی ڕێنوێنیکردنی هەڵسوڕانی حیزبە لە سنووری لێپرسراوێتی کۆمیتەکەدا , هەروەها پەیوەنددەری کۆمیتەیە بە کۆمیتەی سەرووی خۆیەوە و ڕاپۆرتی هەڵسوڕان و چالاکییەکانی ڕێکخستنی سنووری لێپرسراوێتی خۆی, بە شێوەیکی ڕێکوپێك و بەردەوام بە کۆمیتەی سەرووی خۆی ئەگەیەنێ.

3. بڕیاردان لە کۆمیتەکاندا, لەسەر بنەمای زۆرایەتی ڕەهای دەنگەکان بە ئەنجام ئەگەیەنرێت. هەر کۆمیتەیەك لەبەرامبەر کۆمیتەکەی سەرووی خۆیدا بە شێوەیەکی جەماعی لێپرسراوە.

4. کۆمیتەی ناوچە مافی ئەوەی هەیە کە, بەناوی خۆیەوە, وە لەسەر لێپرسراوێتی خۆی, بلاوکراوەی ناوچەیی حیزب دەربکات.

تێبینی: لە هەلومەرجی تایبەتیدا, بەهۆی پێویستی ئاساییشی هەڵسوڕانی حیزبەوە, وەیان لە دەورەی سازماندەیی سەرەتاییدا , وەیان لەکاتی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنی مەیدانێکی دیاریکراودا , کۆمیتەی سەرووتر, وەیان ئۆرگانی هەڵبژێرەری کۆمیتەی ڕێکخستن, ئەتوانێت بۆ دەورەیەکی دیاریکراو, لێپرسراوێك, کە تەواوی دەسەلاتەکانی کۆمیتەیەکی لە دەستدابێت, بەسەر ڕێکخستنێکەوە دابمەزرێنێت.

### مادەی هەژدەیەم: کۆنفرانسی ناوچەیی

1. کۆنفرانسی ناوچەیی, لانی کەم هەر دووساڵ جارێك, بە بەشداری نوێنەرانی هەڵبژێراوی ڕێکخستنە محلییەکان, ئەندامانی کۆمیتەی ناوچە و ئیحتییاتەکانی, لەسەر بانگهێشتی کۆمیتەی ناوچە , ئەبەسترێت.



تێبینی: شورای ناوەندی و کۆمیتەی جێبەجێکردن, بۆیان هەیە ئەندامانێکی حیزب, کە مافی ڕاوێژیان هەبێت, بۆ کۆنفرانسی ناوچەیی بانگهێشت بکەن.

2. کۆنفرانس, کۆمیتەی ناوچە هەڵئەبژێرێت, لە سیاسەتە گشتی و ناوچەییەکانی حیزب ئەکۆڵێتەوە, وە ڕاسپاردەکانی خۆی دەربارەی هەر شتێك کە بە پێویستی بزانێت, لە شێوەی پەسەندکراوەکانی کۆنفرانس, بە کۆمیتەی جێبەجێکردن و کۆمیتەی ناوچەی ئەدات.

## بەشی پێنجەم: کۆنگرە

### مادەی نۆزدەیەم:

بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە, کە لانی کەم هەر دوو ساڵ جارێك بە بانگهێشتی کۆمیتەی جێبەجێکردن ئەبەسترێت.

### مادەی بیستەم: ئەرك و دەسەلاتەکانی کۆنگرە

کۆنگرەی حیزب:

1. ڕاپۆرتی کۆمیتەی جێبەجێکردن و شورای ناوەندی هەڵئەسەنگێنێ.
2. بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب پەسەند وەیان دەسکاری ئەکات.
3. ڕێبازی سیاسی حیزب دیاری ئەکات.
4. کۆمیتەی جێبەجێکردن و شورای ناوەندی هەڵئەبژێرێت.

### مادەی بیست و یەکەم:

بەشداربوانی کۆنگرە پێك دێت لە:

1. نوێنەرانی هەڵبژێراوی هەریەکێك لە ڕێکخستنەکانی حیزب, بە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ڕێکخستنە.
2. ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکردن و شورای ناوەندی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تێبینی 1_ دیسپلین و ڕێژەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرە, پێش هەر کۆنگرەیەك, لە ڕێگای کۆمیتەی جێبەجێکردنەوە دەسنیشان ئەکرێ و ڕا ئەگەیەنرێت.

تێبینی 2_ کۆمیتەی جێبەجێکردن بۆی هەیە, لە نێو ئەندامانی حیزب, هەروەها حیزب و گروپەکانی تر, کەسانێك بە ناونیشانی چاودێر وەیان میوان, بۆ کۆنگرە داوەت بکات.

**مادەی بیست و دووەم:**

کۆنگرە, بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی نوێنەرانی خاوەن دەنگ, ڕەسمییەت وەرئەگرێت و ئەکرێ ببەسترێت.

تێبینی: ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکردن و شورای ناوەندیی, لە حاڵێکدا وەکوو نوێنەری ڕێکخستنەکانی حیزب بۆ کۆنگرە هەڵنەبژێردرێن, دەنگی ڕاوێژکارییان ئەبێت.

**مادەی بیست وسێیەم: کۆنگرەی نائاسایی (فوق العادە)**

کۆمیتەی جێبەجێکردن و شورای ناوەندیی, بۆیان هەیە کە داوای بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بکەن.

لەکاتێکدا, نیوەی ئەندامانی حیزب داوای بەستنی کۆنگرە بکەن, ئەرکی کۆمیتەی جێبەجێکردنە کە بانگەواز بۆ بەستنی بکات.

بەشی شەشەم: ئۆرگانەکانی ڕابەریی ناوەندیی

**مادەی بیست و چوارەم:**

کۆمیتەی جێبەجێکردن بەرزترین ئۆرگانی حیزبە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا.

**مادەی بیست و پێنجەم: کۆمیتەی جێبەجێکردن**

1. لێپرسراوی جێبەجێکردن و بردنەپێشەوەی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەیە.



2. دامەزراوە و ڕێکخراوەی جۆراوجۆری حیزبیی سازماندەیی, ڕێنوێنی و هاوئاهەنگ ئەکات.
3. نوێنەرایەتی حیزب ئەکات, لە پەیوەندی لەگەڵ حیزب و هێزە سیاسییەکاندا.
4. لە ڕێگەی ئۆرگانەکان و بڵاوکراوەکانی ناوەندییەوە, ڕابەریی حیزب ئەکات و هوشیارییان ئەباتە سەر.
5. دارایی ناوەندیی حیزب کۆنترۆڵ ئەکات و بۆ پێویستییە جۆربەجۆرەکان بڕی دیاریکراو دەسنیشان ئەکات.
6. ڕێکخراوگەلێك کە حیزب بە ڕەسمیی ئەیانناسێت و ڕەسمییەتیی ئەو ڕێکخستنە حیزبییانەی کە مەرجەکانی لە مادەی ناوبراودا باسکراوە, لەدەست ئەدەن, هەڵئەوەشێنێتەوە.
7. ڕاپۆرتی کارەکانی خۆی ئەخاتە پێشچاوی کۆنگرە و شورای ناوەندی.
8. بۆ ڕێنوێنیکردن و ڕابەریکردنی بەردەوامی حیزب, ئۆرگانی پێویست پێکئەهێنێت و لەهەر کۆبوونەوەیەکدا, ئەندامەکانی هەڵئبژێرێت.
9. کارئاسانی پێویست بۆ هەڵسوڕانی شورای ناوەندیی مسۆگەر ئەکات.
10. سکرتێری کۆمیتەی جێبەجێکردن هەڵئەبژێرێت.

**مادەی بیست و شەشەم: شورای ناوەندی**

شورای ناوەندی دەزگایەکە, کە لە لایەن کۆنگرەوە هەڵئەبژێردرێت و لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی هەیە:

1. سیاسەت و ڕێبازی سیاسی گشتی حیزب هەڵئەسەنگێنێ و ڕاسپاردەی پێویست ئەخاتە پێشچاوی کۆمیتەی جێبەجێکردنەوە.
2. لێکۆڵینەوە و پشکنین لە ڕێکخستنەکان بە ناونیشانی فۆنکسیۆنێکی جیاواز لە لێکۆڵینەوە و پشکنینەکانی کۆمیتەی جێبەجێکردن, ساز ئەکات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3. ڕاپۆرتی کۆمیتەی جێبەجێکردن شیئەکاتەوە و ڕاسپاردەی پێویست ئەخاتە پێشچاوی کۆمیتەی جێبەجێکردنەوە.
4. ڕاپۆرتی کارەکانی خۆی بە کۆنگرە ئەدات.
5. سکرتێری شورای ناوەندیی هەڵئەبژێرێت.

## بەشی حەوتەم: مەسەلەی دیسپلین

### مادەی بیست و حەوتەم:

بە مەبەستی ڕاگرتنی توندوتۆڵی حیزب و پاراستنی دیسپلینەکانی, لە کاتێکدا ئەندام ئەرکەکانی بەجێ ناگەیەنێت و پێچەوانەی دیسلینی ئاسایی ڕەفتار ئەکات, ئەم هەنگاوانە ئەگیرێتە بەر:

1. سەرزەنشتکردن
2. هەڵپەساردنی ئەندامەتی
3. دەرکردن

### مادەی بیست و هەشتەم:

1. بەکاربردنی دیسپلینی حیزبی لە پەیوەست بە ئەندامانەوە, لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ئەو ڕێکخستنەدایە کە ئەندام کاری تیدا ئەکات. ئەو هەنگاوانەی کە لەو بارەیەوە نراوە, پێویستە بە ئاگاداری کۆمیتەی سەرووتر بگەیەنرێت.
2. هەر ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە کە لە کۆمیتەی سەرووتر داوای هەڵوەشاندنەوە, وەیان چاوپیاخشاندنەوە بەو بڕیارانەی کە لەبەرامبەریدا دەرکراوە بکات. بڕیاری ئەم کۆمیتەیە یەکلاکەرەوەیە.
3. لانی زۆری ماوەی هەڵپەساردنی ئەندامەتی, شەش مانگە.



4. بۆ دەرکردنی هەر ئەندامێك, پێویستە پێشتر, لەلایەن کۆمیتەی باڵاترەوە پشتیوانی لەو بڕیارە کرابێت. هەر ئەندامێکی دەرکراو, مافی ئەوەی هەیە کە داوا لە کۆمیتەی جێبەجێکردن بکات کە چاو بە مەسەلەکەیدا بخشێننەوە.

### مادەی بیست و نۆیەم:

1. سەرزەنشتکردن و سەندنەوەی لێپرسراوێتی لە ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکردن و شورای ناوەندی, لە دەسەڵاتی کۆبوونەوەی هەریەکێك لەو ئۆرگانانەیە.
2. هەڵپەساردنی ئەندامانی شورای ناوەندی و کۆمیتەی جێبەجێکردن لە ئەندامەتی حیزب, لە دەسەڵاتی کۆنفرانسێکی پێکهاتوو لە ئەندامانی شورای ناوەندی, ئەندامانی کۆمیتەی جێبەجێکردن و نوێنەرانی هەڵبژێراوی کۆمیتەی ناوچەکانە. بۆ دەرکردنی بڕیاری هەڵپەساردن, پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەو کۆنفرانسەیە. لەکاتی دەرچوونی بڕیاری هەڵپەساردن لە ئەندامەتی حیزب, ئەوا ئەو ئەندامە, لە شورای ناوەندی وەیان کۆمیتەی جێبەجێکردن دەرئەکرێت.
3. دەرکردنی ئەندامی شورای ناوەندی وەیان کۆمیتەی جێبەجێکردن لە حیزب, لە دەسەڵاتی کۆنگرەی سەراسەری حیزبدایە.

❊ ❊ ❊

ئەم بەڵگەنامەیە

"پیش نویس اساسنامە حزب کمونیست کارگری ایران"

لە "انترناسیۆنال" (دورە اول)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نشریه حزب کمونیست کارگری ایران
ژماره 14
خرداد 1373
ژوئن 1994
بڵاوکراوەتەوە

❊

2004 .10 .4



# دەستووری هەڵبژاردنی نوێنەران

## بۆ کۆنگرەی دووەمی حیزب

**بۆ ئاگاداری:**

**ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران**

**ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

هاوڕێیان, کۆنگرەی دووەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری, لە چەند مانگی داهاتوودا ئەبەسترێت. بەمجۆرە دەستووری هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی دووەمی حیزب, پەسەندکراوی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی, بە ئاگاداریتان ئەگات. بەمەبەستی سەرپەرشتی و چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە, هەیئەتێك لە فاتیحی شێخولئیسلامی, ئازاد نەسیم و ئەسغەری کەریمی پێکهاتووە.لێرەدا, داوا لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, کە بە نیازن خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەراسەری کاندید کەن, ئەکەین, کە بە زووترین کات, داوای خۆیان بۆ هەیئەتی سەرپەرشتی هەڵبژاردن بنێرن.

**لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران**

**ئەسغەری کەریمی**

**سێپتامبەری** 97

*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# دەستووری هەڵبژاردنی نوێنەران
## بۆ کۆنگرەی دووەمی حیزب

1. ژمارەی بەشداربووانی کۆنگرە, سەد کەسە, کە 90 کەسیان وەك نوێنەر و 10 کەسەکەی تریان وەکوو میوان و چاودێر بەشداری ئەکەن.
2. هەڵبژاردن بە دوو قۆناخ ئەچێتە ڕێوە: سەراسەری و مەحەلی.
3. سەرەتا هەڵبژاردنی سەراسەری ئەنجام ئەدرێت, دوابەدوای ڕاگەیاندنی ناوی نوێنەرانی هەڵبژێراوی قۆناخی سەراسەری, هەڵبژاردنی مەحەلی دەست پێ ئەکات.
4. ڕێژەی نوێنەران لە هەڵبژاردنی سەراسەریدا 30 کەس و لە هەڵبژاردنی مەحەلیدا 60 کەس ئەبێت.
5. هەر ئەندامێکی حیزب لە هەردوو قۆناخی هەڵبژاردن بەشداری ئەکات, وە ئەتوانێت لە هەردوو هەڵبژاردنی سەراسەری و هەڵبژاردنی شانەی مەحەلی خۆیدا, خۆی کاندید کات.

تێبینی: لە هەڵبژاردنی مەحەلیدا, ئەندامی حیزب, بەتەنها لەو شانەیەی کە تێیدا هەڵئەسوڕێت, مافی دەنگدانی هەیە, بەڵام ئەتوانێت لە شانەیەکی تری غەیری ئەو شانەیەی کە تێیدا هەڵئەسوڕێت, خۆی کاندید کات.

6. ژمارەی ناوەکان لەهەر پەڕەیەکی هەڵبژاردن, ئەبێ یەکسان بێت بە ژمارەی ئەو بەشەی (حصە) کە بۆ ئەو شانەیە دەسنیشان کراوە, هەر پەڕەیەك کەمتر لەو ژمارەیەی لە خۆ گرتبێت, کاری پێ ناکرێ و بەتاڵە. بۆ نموونە,



لە هەڵبژاردنی سەراسەریدا, بەشداربوان ئەبێ بە 30 کەس دەنگ بدەن و ئەو کارتانەی کە ژمارەیەکی کەمتر لەوەی تێدا بێت, بەکارناهێنرێ و بەتاڵە.

7. ئەو بەشە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب, کە وەك نوێنەری کۆنگرە دەنگیان نەهێناوە, بە ناونیشانی چاودێر, بەشداری لە کۆنگرەدا ئەکەن.
8. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, بۆیان هەیە لە قۆناخی هەڵبژاردنی سەراسەریدا, خۆیان بۆ نوێنەرایەتی کۆنگرە کاندید بکەن, وە دواتریش ئەگەر کۆنگرە ڕەزامەندی لەسەر بوو, ئەتوانن بەشداری لە لە هەڵبژاردنەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا بکەن.

هەروەها داوا لە مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەکرێ, کە هەیئەتێك بەناونیشانی میوان بۆ کۆنگرە بنێرێت.

9. مەکتەبی سیاسی ئەتوانێت سەرباری نوێنەران, ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب, بە ناونیشانی چاودێر, بۆ کۆنگرە داوەت بکات.

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران**

❊ ❊ ❊

ئەم بەڵگەنامەیە

"ائین نامه انتخابات نمایندگان برای کنگره دوم حزب"



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له "انترناسیونال" (دوره اول)

ژماره 25

مهر 1376

اکتبر 1997

بڵاوکراوەتەوە

❊

2004 .10 .4



# بەستنی پلینۆمی یانزەیەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

((....یەكێك لەو مەسەلە گرنگانەی کە پلینۆم بڕیاری لەسەر دا, مەسەلەی کات و شێوازی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی حیزب بوو. پلینۆمی یانزەیەم بڕیاری دا, کە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە ئامادەبوونی چاودێران و میوانانێك لە تەواوی ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکان, کەسایەتی ئازادیخواز, بڵاوکراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن, لە مانگی ئۆکتۆبەری 2000, بێتە گرێدان.))

**کۆمیتەی ناوەندی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران**

14 **مارس** 2000

❊ ❊ ❊

# دەستووری هەڵبژاردنی کۆنگرەی سێیەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

**پەسەندکراوی هەیئەتی سکرتێرەکان, کۆبوونەوەی** 31 **مارس** 2000



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

1. هەڵبژاردن بە دوو قۆناخ ئەنجام ئەدرێت, سەراسەری و مەحەلی. سەرەتا هەڵبژاردنی سەراسەری و پاش دەرکەوتنی ئەنجامەکەی, هەڵبژاردنی مەحەلی ئەنجام ئەدرێت.
2. کۆی نوێنەرانی کۆنگرە 150 کەسە. بەشی هەڵبژاردنی سەراسەری 60 کەس و بەشی ڕێکخستنە مەحەلییەکان 90 کەسە.
3. بەشداری لە هەڵبژاردن ئارەزوومەندانەیە.
4. هەر ئەندامێکی حیزب تەنها لەیەك شانەدا بۆی هەیە دەنگ بدات.
5. دەنگدان بەشێوەیەکی تەواو نهێنی ئەنجام ئەدرێت.
6. ژماردنی دەنگەکان لەژێر چاودێری هەیئەتی سکرتێرەکان ئەنجام ئەدرێت.
7. لە هەڵبژاردنی سەراسەری و مەحەلیدا, نوێنەران بە زۆرایەتی ڕێژەیی دەنگەکان هەڵئەبژێردرێن, یانی کەسانێك کە دەنگی زیاتریان لەچاو ئەوانی تر بەدەستهێناوە, هەڵئەبژێردرێن. سەرباری ئەوە, لە هەڵبژاردنی سەراسەریدا, لانی کەمی دەنگی پێویست بۆ هەڵبژاردن, لەسەدا 20 ی دەنگی گشت ئەوانەیە کە دەنگ ئەدەن.
8. هەڵبژاردنی سەراسەری بە یەك قۆناخ ئەنجام ئەدرێت. ئەگەرهاتوو ژمارەی نوێنەرانی هەڵبژێراو لە هەڵبژاردنی سەراسەریدا, کەمتر بوو لە 60 کەس ( یانی کەمتر لە 60 کەس, لانی کەمی دەنگەکانیان, کە لەسەدا 20 دەنگەکانە, بەدەستهێنا), ئەوا باقی بەش (حصە)ی سەراسەری, ئەخرێتە سەر بەشی ڕێکخستنە مەحەلییەکان.
9. لە هەڵبژاردنی سەراسەری و مەحەلیدا, ئەندام بۆی هەیە, بەهەر ژمارەیەك کە ئارەزوو ئەکات (ئەوپەڕەکەی یەکسان بێت بە بەشی نوێنەران) دەنگ بدات.



ئە کارتانەی کە ژمارەیەکی زیاتر لە بەشی نوێنەرانی لەخۆ گرتووە, کاری پێ ناکرێ و بەتاڵە.

10. بڕوانامەی ئەمنییەتی نوێنەران ئەبێ پێش دەسپێکردنی کۆنگرە پشتگیری کرابێت. هەرکەسێك کە خۆی کاندید ئەکات, ئەگەر پێشتر پشتیوانی ئەمنییەتی وەرنەگرتنبێت, ئەبێ فۆرمی پەیوەست بە پشتیوانی ئەمنییەتی ئاستی کادر, پڕ بکاتەوە.
11. بەپێی بڕیاری پەسەندکراوی پلینۆمی 11 ی کۆمیتەی ناوەندی, ئەو ڕێکخستنانەی کە حیساباتی ماڵی خۆیان لەگەڵ دارایی ناوەندیدا یەکلا نەکردۆتەوە, نوێنەرانیان مافی دەنگی قەتعییان بۆ نییە, بەهەمان شێوە, نوێنەرانێك کە ئابوونەی خۆیان یەکلا نەکردۆتەوە, لە کۆنگرەدا, مافی دەنگی قەتعییان نابێت.
12. هەیئەتی سکرتێرەکان, مەرجەعی لێکۆڵینەوەیە لەهەر سالآیەك ئەگەر هەبێت, لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان.
13. فاتیحی بەهرامی لەلایەن هەیئەتی سکرتێرەکانەوە, لێپرسراوی ڕاستەوخۆی سازماندەیی هەڵبژاردنە.

❊ ❊ ❊

ئەم بەڵگەنامانە:

( برگزاری پلنوم یازدهم کمیتە مرکزی حزب کمونیست کارگری ایران)

( ائین نامە انتخابات کنگرە سوم حزب کمونیست کارگری ایران)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له " انترناسۆنال هفتگی"

ژماره 1

سردبیر: منصور حکمت

16 اردیبهشت 1379

5 مەی 2000

بڵاوکراوەتەوە

❊

2004 .10 .6



"بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکان", بریتین لەو باسانەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ, لە نێو ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, مشتومڕی گەرم و بێنەوبەردەی زۆری لەسەر بوو, لەسەر بابەتگەلێکی گرنگ و چارەنووسساز, بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی. ئەم بەڵگەنامانە هەندێکیان نووسراونەتەوە , هەندێکی تریشیان شەفەییە و تۆمارکراوە. ئەو بەڵگەنامانەی کە نووسراونەتەوە, ژمارەیان 220 باسە, ئەو باسانەی دەربارەی مەسەلەی ڕابەریین, پێش کۆچی منصور حکمت, برتیین لە 33 باس, ئەو باسانەی دەربارەی هەمان مەسەلەن و دوای کۆچی منصورن, ژمارەیان 32 باسن, ئەو باسانەی دەربارەی نافەرمانی مەدەنی (یاخیبوونی مەدەنی) و مسۆگەرکردنی کورتماوەی ڕابەری حیزبن 6 باسن, ئەوانەی دەربارەی حیزب و سەرنگوونی کۆماری ئیسلامین 70 باسن و ئەوانەی دەربارەی شوران 79 باسن.

ئەو بەڵگەنامانەش کە بە شێوەی شەفەیی هەن, بریتین لە 21 سیمینار, کە هەریەکە لەو سیمنارانەش بریتین لە چەندین بەش.

ئەم باسانە, لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا, لە چوارچێوەی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا هێڵرابۆوە, پاشان و بەم دواییە, بڕیاردرا, کە تەواوی ئەم باسانە عەلەنی بکرێتەوە و بخرێتە بەر دیدی ئەندامان.

ئەم نووسراوەی خوارەوە, وەرگێڕاوی بەڵگەنامەیەکە لەوبارەوە, بۆ خوێنەرانێکی جێبایەخ.

**سالار ڕەشید**

❊



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

### دەربارەی

# "بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکان"

**لە:** **حەمیدی تەقوایی**

**بۆ:** **ئەندامانی حیزب**

**بابەت:** **بەڵگەنامەی خیلافاتە سیاسییەکانی نێو ڕابەری حیزب**

**بەروار:** 22/ 08/ 2004

## هاوڕێیانی خۆشەویست

هەتا ئێستا، لە ڕەوتی خیلافاتە فکرییەکانی نێو مەکتەبی سیاسی حیزب، کەموزۆر ئاگادارن. ئەم باسانە لەپاش مەرگی نادر، لەسەر هەندێك مەسەلەی بنچینەیی وەکوو، ڕابەری جەماعی و فەردی، سەرنگونی و پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی و تاکتیکی ئێمە لە دوای پاشەکشە، حیزب و شۆڕش، حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕێك کە ئەشێ لە ئێراندا بێتە کایەوە، شورا، مەسەلەی لەدەسگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە، هەروەها بابەتگەلی تری لەم شێوەیە و لەم بوارانەدا، لە نێو ڕابەری حیزب دەستی پێ کرد. دوو مانگ پێش ئێستا، ئەم باسانە خرایە بەردەم کادرانی حیزب و ئێستاش لەسەر پێشنیاری من و لە پاش پەسەندکردنی لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە، بەڵگەنامەی باسە سیاسییەکانی مەکتەبی سیاسی، بەشێوەی نووسراو و بەشێوەی شەفەیی، لەسەر ئەو مەسەلانەی کە باسمان کرد، ئەخرێتە بەردەم ئەندامانی حیزب. عەلەنیکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە، بەمەستی ئاگاداربوونی ئێوەیە لە ڕەوتی باس و خیلافاتە فکرییەکانی نێو ڕابەری



حیزب و بۆئەوەیە کە لەهەر شار و لەهەر یەکەیەکی حیزبیدا، لە سیمینارەکان و بەبەشداری کادرانی حیزب، قسەوباس بکرێت و بیروڕا بگۆڕدرێتەوە. هەروەکوو ئاگادارن، لە بەرواری 18 و 19ی سێپتامبەر، کۆنگرەی فراوان و ڕاستەوخۆی ئەندامان و کادرانی حیزب، بە مەبەستی کۆبەندکردنی ئەم باسانە و ئەنجامگیری سیاسی و ڕێکخراوەیی لێیانەوە، بەڕێوەئەبرێت. لەم ڕووەوە، ئاگاداربوونی ئێوە لەم لە باسانە، زۆر پێویستە. هیوادارم فرسەتی ئەوەتان هەبێت کە ئەم بەڵگەنامانە، بە وردی بخوێننەوە، بیروبۆچونەکانی خۆتان بگۆڕنەوە، لە پلمیکەکاندا بەشداری بکەن و لە کۆنگرەی پێنج، کە بۆ حیزبی ئێمە چارەنووسسازە، گشت ئامادە بن.

بژی حیزب

بە هیوای دیدار لە کۆنگرەی 5دا

**حەمیدی تەقوایی**

22 **ئاب** 2004

❊ ❊ ❊

ئەم بەڵگەنامەیە:

"نامه حمید تقوایی به اعضای حزب درباره اسناد اختلافات سیاسی درون حزب"

لەم ئەدرێسەوە:

www.anternasional.com/bahs-hkk.htm

وەرگیراوە

❊

2004 .10 .10



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, لە بەرواری 18-19/ سێپتامبەر/ 2004, لە ولاتی ئەڵمان هاتە گرێدان.

ماوەی نێوان بانگەوازکردن بۆ کۆنگرە کە لە 22 ئابی 2004دا بوو, لەگەڵ بەستنیدا, کەمتربوو لەمانگێک. وە ماوەی نێوان بانگەوازکردن بۆ کۆنگرە و جیابوونەوەی 24 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی, کە خۆی لە 46 ئەندام پێکهاتبوو, لە بەرواری 24 ئابی 2004 و پێکهێنانی حیزبێکی تر لە ژێر ناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران_ حیکمەتیست, تەنها 2 ڕۆژ بوو.

ئەم کۆنگرەیە چ پێش بەستن و چ دوای بەستنی, لە زۆر لایەنەوە, بووە مایەی کێشەی زۆر و هێنانەکایەوەی قسەی زۆروزەبەند و بۆچونی ڕەنگاوڕەنگ, لە نێوان ئەوانەی کە لە چوارچێوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێشووی ئێراندا ماونەتەوە و درێژە بە کارو هەڵسوڕانی خۆیان ئەدەن, کە بەناوی "باڵی حەمیدی تەقوایی" ناودەبرێن, وە لە نێوان ئەوانەی کە لەو حیزبە چوونە دەرەوە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران_ حیکمەتیستیان دامەزراند, کە بەناوی "باڵی کۆرشی مودەڕیسی" ناو دەبرێن.

لەپێش هەموو شتێکەوە, مەسەلەی بەستن و نەبەستنی خودی کۆنگرە, جێگەی خیلاف بووە. باڵی حەمید پێیان وابووە کە تاکە ڕێگەی دەرچوون لەو کێشە دەروونییانەی نێو ڕەهبەری, بەستنی کۆنگرەیە, هەربۆیە لایەنگری بەستنی ئەم کۆنگرەیە بوون, هەرچی باڵی کۆرش بوو, پێیان وابوو بەستنی کۆنگرە, یانی لە گۆڕنانی حیزب, بۆیە لەگەڵ بەستنی کۆنگرەدا نەبوون.

لەسەر مەسەلەی ئەوەی, کام مەرجەعە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بانگەوازی کۆنگرە بکات, دیسانەوە خیلاف هەیە. باڵی حەمید ئەڵێن ئەمە



کۆنگرەی نائاساییە, بۆیە لیدەر بۆی هەیە بانگەوازی کۆنگرە بکات, جا ئەگەر زۆربەی ئەندامان ڕایان لەسەر بستنی بوو, ئەوا ئیتر ئەو کۆنگرەیە شەرعییەت پەیدا ئەکات. هەرچی باڵی کۆرشە, ئەڵێن کۆمیتەی ناوەندی دەسەڵاتی هەیە, کە بانگەواز بۆ کۆنگرە بکات و حەمید پێچەوانەی بنەمای ڕێکخراوەیی ڕەفتاری کردووە.

لەسەر مەسەلەی شێوازی کۆنگرەکەش خیلافات هەیە. باڵی حەمید بانگەوازی بەستنی کۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامانیان کرد و ئەڵێن ئەمە کۆنگرەی نائاساییە. هەرچی باڵی کۆرشە ئەڵێن, کۆنگرە ئەبێ کۆنگرەی نوێنەرانی هەڵبژێراوی ڕێکخستنەکان بێت, نەک کۆنگرەی تەواوی ئەندامان, بەبێ پرۆسەی هەڵبژاردن, هەروەها ئەڵێن, ئەمەی باڵی حەمید ئەیکات, پێچەوانەیە لەگەڵ بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی.

بەو شێوەیە کۆنگرەی 5 جێگای مشتومڕی زۆرە و هەریەکە بەجۆرێک تێی ئەڕوانێ.

بێگومان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, بنەمایەکی هەیە بەناوی "بنەمای ڕێکخراوەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری", کە لە نووسینی مەنصور حیکمەتە. بەڵام ئەم بنەمایە, پرانسیپێکی لەمەڕ کۆنگرەی نائاسایی تێدا نییە, تاوەکوو بتوانیت حوکمێکی لێوە هەڵگۆزی بۆ ئەم کێشەیە. ئەوەی تێیدایە بە تەنها, کۆنگرەی ئاساییە, کە پێکدێت لە نوێنەری هەڵبژێراوی ڕێکخستنەکان (بڕوانە خاڵی 10ی ئەو بەڵگەنامەیە).

بۆیە یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلانە و گەیشتن بە پرانسیپێکی دروست, دوور لە بەرژەوەندیخوازی, پاشان نووسین و جێگیرکردنی لە نێو بەڵگەنامەی بنەمای ڕێکخراوەیی, گرنگی زۆری هەیە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەبێ ئەو ڕوونبێتەوە کە کۆنگرەی نائاسایی کەی ئەبەسترێ, چ مەرجەعێک بانگەوازی بۆ ئەکات, ئەگەر بەستنی کۆنگرە بووە پێوستییەک و کۆمیتەی ناوەندیش بەهۆی خیلافاتی خۆیانەوە, بانگەوازیان بۆ نەکرد, ئەبێ چ مەرجەعێک وەیان ڕێگایەکی تر هەبێت بۆ بەستنی کۆنگرە؟

ئەبێ ئەوە ڕوونبێتەوە, کۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامان بۆ؟ بۆ لە کۆنگرەی نائاساییشدا, کۆنگرە لە نوێنەرانی هەڵبژێراوی ڕێکخستنەکان پێک نەیات؟ وەیان بە پێچەوانەوە, بۆچی کۆنگرە,کۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامان نەبێت؟

خوێنەری ئازیز! ئەوەی لەم وەرگێڕانەی خوارەوەدا ئەیبینن, بەڵگەنامەی, بانگەوازی کۆنگرەی پێنجەمە, کە چەندین نووسراوی لەسەر نووسراوە, بە جۆرێک کە وەرگێڕانی وەک سەنەدێک پێویست بوو. تاوەکوو دەرگایەگ بکاتەوە بۆ وتووێژ پلمیک.

**سالار ڕەشید**

❊

# بانگەوازی بەستنی کۆنگرەی 5

## (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران)

**لە: حەمیدی تەقوایی**
**بۆ: ئەندامان و کادرانی حیزب**
**بابەت: بەستنی کۆنگرەی ڕاستەوخۆی ئەندامان و کادران**
**بەروار: 22 ئاب 2004**



### بانگەواز بۆ بەستنی کۆنگرەی پێنجەم

**هاوڕێیانی خۆشەویست**

کۆنگرەی پێنجەمی حیزب, لە بەرواری 18 و 19ی سێپتامبەر لە ئەڵمانیا, ئەبەسترێت. ئەمە کۆنگرەیەکی تایبەتە, بۆ وەڵامدانەوە بە هەلومەرجی تایبەت و نائاسایی, کە خیلافاتی فیکریی نێو ئەم حیزبە هێناویەتە کایەوە, ئەبەسترێت. تایبەتمەندییەکی ئەم کۆنگرەیە لەوەدایە, کە تەواوی ئەندامان و کادرانی حیزب, ئەتوانن بەشداری تێدا بکەن و مافی دەنگدانیشیان هەبێت. بەمانایەکی تر, ئەمە کۆنگرەی نوێنەران نییە, بەڵکوو کۆنگرەی ڕاستەوخۆی خودی ئەندامانە. وە بەبێناوەند و ڕاستەوخۆ, دەنگی ئەندامان و کادرانی حیزب و بیروبۆچونیان, نوێنەرایەتی ئەکات.

تایبەتمەندییەکی تری ئەم کۆنگرەیە, شێوازی بانگەوازەکەیەتی. کۆنگرەی 5 لە ڕێگای منەوە, بە ناونیشانی لیدەری حیزب و بە پشتبەستن بە ڕای زۆرایەتی کادران و ئەندامانی حیزب, بانگەوازی بۆ ئەکرێت. کۆنگرە, بە وەڵامی پۆزەتیفی زۆرایەتی ئەندامان و کادرانی حیزب بەم بانگەوازە, مافی یاسایی خۆی وەرگرتووە. لە هەلومەرجی ئاساییدا, کۆنگرە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بانگەوازی بۆ ئەکرێت, بەڵام ئەگەر زۆرایەتی کادران و ئەندامانی حیزب داوای بەستنی کۆنگرەیان کرد و کۆمیتەی ناوەندی, نەیەوێت ببەسترێت, ئەبێ ویستی زۆرایەتی کادران و ئەندامان جێبەجێ بکرێت. ئەمە بنەمایەکی پایەیی هەر حیزب و ڕێکخراوێکە, کە ڕابەرایەتییەکەی بە هەڵبژاردن بووبێتە ڕابەری, هۆی ئەمەش ڕۆشنە: ڕابەرییەك کە زۆرایەتی حیزبی لەگەڵدا نەبێت, لەباری پرانسیپەوە نابێت, وە لەباری عەمەلییەوە ناتوانێت ڕابەرایەتی بکات. بەڕەسمی نەناسینی مافی زۆرایەتی ئەندامان, لەکاتێکدا کە بانگەوازی بەستنی کۆنگرە بکەن, بەتەنها لەگەڵ پرانسیپی پەیڕەویکردنی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەمایەتی لە زۆرایەتی ناکوك و پێچەوانە نییە, کە رێگە خۆشئەکات, بۆ پەرەسەندنی بیرۆکراسی و خراپ بەکاربردنی دەزگای حیزبیی, بۆ خۆسەپاندن بەسەر ئەنداماندا, بەڵکوو لەباری پراکتیکیشەوە, حیزب تووشی قەیران ئەکات و پەکی ئەخات. خۆشبەختانە, حیزبی ئێمە لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا نییە, بەڵام بۆئەوەی تووشی هەلومەرجێکی لەوجۆرە نەبێن, بەستنی دەسبەجێی کۆنگرە, حەیاتییە.

ئەرکی کۆنگرەی پێنجەمە, کە ئەو باس و خیلافاتە فیکرییانەی لە ئارادایە, لەباری سیاسی و رێکخراوەییەوە, بەسەرەنجامی خۆی بگەیەنێت, وە حیزب لەدەوری بریارنامە و سیاسەتە پەسەندکراوەکانی خۆی, یەکگرتوو و هاوئاهەنگ بکات. ئەمە تەنهارێگای دەربازبوونە لەم هەلومەرجە نائاساییەی ئێستامان. من داوا لە تەواوی هاورێیان ئەکەم, لەم کۆنگرە تایبەتەدا, کە رۆڵی حەیاتی لە چارەنووسی حیزبدا هەیە, بەشداری بکەن.

بژی حیزب

بەهیوای دیدار لە کۆنگرەی 5

**حەمیدی تەقوایی**

**22 ئاب 04**

❊ ❊ ❊

ئەم بەڵگەنامەیە:

"نامە حمید تقوائی بە اعضای حزب



درباره برگزاری کنگره مستقیم اعضا و کادرها در روزهای 18 و 19 سپتامبر 2004"

لەم ئەدرێسەوە:

www.anternasional.com/bahs-hkk.htm

وەرگیراوە

❊

2004 .10 .11



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, کۆنگرەی پێنجەمی خۆی, بەوێنەی کۆنگرەی سێیەم و چوارەم, بە شێوەیەکی ئاشکرا بەست. نەریتی کۆنگرەی ئاشکرا, تەرحێک بوو لەلایەن مەنصور حیکمەتەوە خرایەڕوو, پاشان پلینۆمی یانزەیەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, پەسەندی کرد و لە کۆنگرەی سێیەمدا پیادەکرا. کۆنگرەی ئاشکرا یانی, داوەتکردنی حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و کەسایەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن, بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرە, بە ناونیشانی میوان و چاودێر. لەم نیوەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, وەک حیزبی هاوبزووتنەوە, هاوسەنگەر, بگرە هاوماڵ و خاوەنماڵ, لەنێو ئەو داوەتکراوانەدا جێگای تایبەتی هەبوو. بەڵام ئەو جێگا تایبەتییە, لەپاش دووکەرتبوونی ئەم حیزبە بۆ دوو باڵی حەمید و کۆرش, بەو شێوەیەی خۆی نەمایەوە. چونکە مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, لە هەڵوێست, لەبەرامبەر ئەو ڕووداوەدا, لایەنگریی لە باڵی کۆرش کرد, یانی پەیمانی هاوماڵی و خاوەنماڵی هەڵوەشاندەوە و هاوماڵی و خاوەنماڵی بۆ باڵی کۆرش ڕاگەیاند.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, بۆ کۆنگرەی پێنجەمی خۆیان, حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان داوەت کرد, بەڵام داوەتکردنەکە بەشێوەی جارانی نەبوو. ئەم داوەتکردنە, کاردانەوەی توندی لەلایەن مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە هەبوو. وە دواتریش لە چەندین نووسین و سیمینارادا, بووە جێگای قسەوباس و ڕەخنەلەیەکگرتن.

هەربۆیە وەرگێڕانی دەقی ئەو داوەتنانەیەمان وەک بەڵگەنامەیەک, بە پێویست زانی, کە لێرەدا ئەیخەینە بەردەستی خوێنەران.



مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, لەوەڵامی خۆی بەو داوەتە, ڕەخنەی گرتووە لەوەی کە ئەم داوەتنامەیە ڕووی لە مەکتەبی سیاسی وەک ئۆرگانێک, نەکردووە, بەڵکوو وەکوو ئەفراد, بانگەوازیان ئەکات. هەروەها ئەڵێت, شێوەی داوەتکردنی ئێوە بۆ ئێمە کەلە سایتەکەتانەوە بڵاوی ئەکەنەوە تەنانەت, بەو جۆرە نییە کە چریکە فیداییەکانی پێ داوەت ئەکەن. پاشان ئەڵێت, لەوکاتەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەبەرامبەر ڕەووشت و بۆچوونە چەپە سونەتی و غەیرە حیزبییەکانی ئێوە هەڵوێستی گرتووە, بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیتان داوە و ئەمەتان کردۆتە پرۆژەی خۆتان. هەروەها ئەڵێت, ئەم داوەتکردنەشتان هەر بۆ ئەو مەبەستەیە. سەرەنجام ئەگات بە بڕیارێک کە, ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نابێت, لە کۆنگرەیەکدا بەشداری بکەن کە, ئەوە پرۆژەیەتی و پرانسیپەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی, پێشێلکردووە.

هەرچی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانیشە ئەڵێن, هۆی گۆڕانی شێوازی داوەتی ئێمە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, گۆڕانی شێوازی پەیوەندییەکەمانە لەگەڵ یەکتر, ناکرێت هەمان شێوەی جاران بەکار بەرین بەرامبەر بە حیزبێک, کە ئەویش بەهەمان شێوەی جارانی ناڕوانێتە ئێمە, کە پەیوەندی نێوانمان بەوە بگات, بەشێوەیەکی لۆژیکی, پەیمان و قەرارومەدارەکانی نێوانیشمان هەڵئەوەشێتەوە.

هەروها ئەڵێن, ئێمە کە لەسەر هەمان سیاسەت و تاکتیک و ستراتیژی پێشوومان ماوینەتەوە, ئیتر بۆچی بووینە چەپی سونەتی و حاشییەیی؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دواتریش ئەڵێن, بۆچی هەتا ئەم جیابوونەوەیە ڕووی نەدابوو, چەپی سونەتی و حاشییەیی نەبووین؟

ئەوان ئەڵێن, ئێمە نامانەوێت حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هەڵوەشێنینەوە, ئێمە سیاسەتی شاراوەمان نییە, ئێمە هەوڵئەدەین و بەئەرکی خۆمانی ئەزانین, هەڵوێستێک کە مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەبەرامبەر ئەم کێشانەی دوایی وەری گرتووە, بگۆڕین, وە بۆ کارێکی لەو جۆرە بە غەیری ئەم ڕێگایە, چ ڕێگایەکی تر هەیە؟

ئەمانەو چەندین مەسەلەی تر بوونەتە جێگای جەدەل و قسەوباسی زۆر و چەندین پرسیار دێنە ئاراوە...

هەروەکوو لە داوەتنامەکەی خوارەوەدا هاتووە, ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە ناونیشانی میوان

داوەت کراوون, ئایا لەباری بنەمای حیزبییەوە, میوانی کۆنگرە مافی ئەوەی هەیە لە هەڵبژاردن و لە یەکلاکردنەوەی بڕیارەکاندا بەشداری بکات و دەنگ بدات؟ هەروەها میوان بۆی هەیە کە بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی خۆی کاندید کات و لە میوانەوە ببێتە خاوەنماڵ؟

ڕابەریی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەڵێت کە, خۆکاندیدکردنی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق,

بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, تەنها بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییە, نەک بۆ کادرانی تر,

ئەمەش بەپێی پەیماننامەیەکی هاوبەشی نێوان هەردوو لا, بۆیە ئەڵێن, خۆکاندیدکردنی چەند کادرێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, بۆ



کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران پێشێلکردنی ئەو پەیماننامەیەیە.

لێرەدا و پێش هەموو شتێک, پرسیار ئەوەیە کە ئەو پەیماننامەیە لە کوێ بڵاوبۆتەوە؟

پاشان, حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, وەڵامێکی بەوە داوەتەوە و ئەڵێت, ئێمە کۆنگرەمان گرتووە, کۆنگرەش بەرزترین دەسەڵاتی حیزبە, وە کۆنگرە, ئەو بەرزترین دەسەڵاتەی حیزب, بڕیاری ئەوەی دەرکرد, کە کادرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, هەتا ئەگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەی خۆشیان نەبن و بەشداری کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانیان کردووە, بۆیان هەیە, خۆیان بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێراندا کاندید کەن.

بەڵام لێرەدا پرسیارێک خۆی ئەهێنێتە پێشەوە, ئایا بڕیارێکی لەم جۆرە, ئەکرێ یەکلایەنە بێت؟ یانی ئەوانە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقن, ئایا لە ڕوانگەی بنەمای حیزبییەوە, نابێت ئەو کارە بڕیاری حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیشی لەسەر بێت, تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە ئەمە کۆنگرەی چوارەمینە نەک پێنجەم, یانی پێش ئەوەی ئەم ڕووداوانە هاتبێتە ئاراوە؟

مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەڵێت, لەبەرئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لە پرانسیپەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لایانداوە و نەخشەی تێکدانی حیزبی ئێمەیان کێشاوە, بۆیە ئەبێ ئەندامانی ئەم حیزبە بۆ کۆنگرەکەیان نەچن. لێرەدا پرسیارێک خۆی ئەهێنێتە پێشەوە, ئایا لە پرانسیپ لادان ئەبێ بکرێتە پێودانگێک بۆ بەشداریکردن یان نەکردن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له کۆنگرەی حیزبێکی تردا؟ ئایا کاتێک چریکه فیدابییەکان وەیان سەڵتەنەتخوازان له کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بەشداریی ئەکەن, ئەم حیزبەیان هەر له بناغەوه پێ باش نییه, چ جا بگات بەوەی له پرانسپ لایانداوه یان نا؟ پاشان مەرجه تەنها, بچیته کۆڕوکۆمەڵ و سیمینار و کۆنفرانس و کۆنگرەی حیزب و لایەنێکەوه که ڕات لێیا بێت وەیان بەلاتەوه کۆمۆنیست, چەپ, شۆڕشگێڕبن؟

ئایا ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران له پرانسیپی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لایداوه و نەخشەی تێکدانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی له دەستوردایه, وەیان هەرشتێکی تر, نەدەکرا بچیته کۆنگرەکەی, که ئەڵێن کۆنگرەیەکی ئاشکرایه, نەدەکرا لەو مینبەرەی ئەوان که ئەڵێن ئازاده, ئەم قسانه بۆ زیاتر له چوارسەد نەفەر بکرایه, نەک بۆ 22 کەسی کۆمیتەی ناوەندییان؟ ئایا ئەگەر وامان دانا حەمید و ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندییان لەو پرانسپانه لایانداوه, نەئەکرا ئەو حیزبه له چاوی ئەوانەوه سەیر نەکرایه و هەزاران ئەندامی ئەو حیزبه لەبەرچاو بگیرایه؟

وەیان ئەم کاره بێهودەیه و ئەوانه دووی شەخسی حەمید کەوتوون؟ ئەگەر وایه, حیزب و شۆڕش ناچێته ژێر پرسیارەوه؟

ئەگەر وایه, تەربییەتی کۆمۆنیستی لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوه ناچێته ژێر پرسیارەوه؟

ئەمانه گشت, کۆمەڵه پرسیارێکن لەگەڵ وەرگێڕانی ئەم باسه خۆیان ئەخەنه ڕوو, ئەکرێ بۆ کەسانێک که جێبایەخیانه, ببێته خاڵی سەرنج و شوێنی پلمیک.

**سالار ڕەشید**



# داوەتکردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

## بۆ کۆنگرەی پێنجەمی
## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی, کادران و ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق!

هەروەکوو ئاگادارن, که کۆنگرەی 5 حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, بەهەمان شێوازی پێشووی, به شێوەیەکی ئاشکرا, له بەرواری 18- 19/ سێپتامبەر/ 2004 ئەبەسترێت. بەم بۆنەیەوه داوەتتان ئەکەین, که لەم کۆنگرەیەدا به ناونیشانی میوان بەشداری بکەن.

هەرلێرەدا, داوەتی تەواوی کادران و ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش ئەکەین, که له کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران ئاماده بن و ببنه میوانی کۆنگرەکەمان.

**ئەسغەری کەریمی**

**لەلایەن هەیئەتی سکرتێرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانەوه**

9 **سێپتامبەر** 2004



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

❊ ❊ ❊

ئەم بەڵگەنامەیە:

"دعوت از حزب کمونیست کارگری عراق به کنگره پنجم حزب کمونیست کارگری ایران"

لەم ئەدرێسەوە:

www.wpina,org/index-farsi.htm

(صفحه ویژه انشعاب در حزب)

وەرگیراوە

❊

2004 .10 .13



**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی 1998, لە شاری سلێمانییەی کوردستانی عێراق, یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست. لەم حیزبەشدا, بەوێنەی ئەحزابی تر, کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتە لە حیزبدا. کۆنگرە بۆیە بەرزترین دەسەڵاتە, چونکە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم حیزبەیان پێکهێناوە, لەوێدا بەشدارن, بۆئەوەی کارەکانی دەورەی ڕابووردوویان هەڵسەگێنن, وە بۆ گەییشتن بەو ئامانجانەی کە لەبەردەم خۆیان دایان ناوە و بۆ ئەو مەبەستە لەدەوری یەکدی خڕبوونەتەوە, ڕێگاو بەردەباز ئەدۆزنەوە, یانی ڕێبازی سیاسی, وە کەسانێکیش هەڵئەبژێرن بۆئەوەی تا کۆنگرەیکی تر و تا کۆبوونەوەیەکی تری لەم جۆرە, لە تەیکردنی ئەو ڕێگەیە و لە ڕەوتی ئەو قافڵەیە سەر قافڵە بن, کە ناویان لێنراوە کۆمیتەی ناوەندی. واتە, سەر قافڵە پێی وتراوە بۆ کام مەنزڵگا ئەبێ بچێ, هەروەها پێشی وتراوە فلانە ڕێگا بۆ ئەو مەنزڵگایە ئەچێ, ئەرکی ئەوانیش سەرقافڵەییکردنە, یانی گۆڕینی مەنزڵگاو ئەو ڕێگایەی دەیباتەوە سەری لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە, ئەگەر ئەو ڕێگایەیان گۆڕی, یانی لە ڕێگا لایانداوە, یانی بەو مەنزڵگایەش ناگەن کە هەموویان پەیمانیان لەسەر بەستووە, یان ئەگەن بە مەنزڵگایەک کە مەبەستی ئەوان نەبووە, وەیان کاروانەکە تووشی هەڵدێر ئەکەن.**

**وتمان گۆنگرە بۆیە بەرزترین دەسەڵاتە لە حیزبدا, چونکە هەموو ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئەم حیزبەن بە مانا ڕێکخراوەییەکەی, لەوێدا بەشدارن. بەڵام ئەم بەشداریکردنە ناڕاستەوخۆیە, بەو مانایەی دەنگیان داوە بەکەسانێک, کە بچنە گۆنگرە, وە لەوێدا نوێنەرایەتی ئەمان بکەن. بەڵام ئەم دەنگدانە, ڕاستەوخۆیە. بەم مانایە کۆنگرە پێکهاتووە لە تەواوی**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەندامانی حیزب بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ, لە ڕێگەی کەسانێکی هەڵبژێراو بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ.

کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, کۆمەڵێک بەڵگەنامەی پەسەند کرد و بڕیاری لەسەر دا, یەکێک لەو بەڵگەنامانە کە بڕیاری لەسەر دا, بڕیاری 9 یەم بوو. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, لەم بڕیارەدا, شێوەی پەیوەندی خۆی وەک حیزبێک, لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران دەستنیشان ئەکات و لە شێوەی بڕیارێک فۆرمولەی ئەکات. بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان ئەم دوو حیزبە و هاتنەکایەوەی بۆچوون و لێکدانەوەی جۆربەجۆر و قسەوباسی توند و گەرم, لە گۆشەی جۆربەجۆرەوە, پێویستی ئەوە دێنێتە کایەوە, کە لە پێش هەموو شتێکەوە, بڕیارنامەیەکی لەو جۆرە لەبەردەممان بێت, پاشان و لیرەوە بۆ قسەوباس تێهەڵچین. ئەوەی لێرەدا و لە خوارەوە ئەیخەینە ڕوو, دەقی وەرگێڕاوی ئەو بڕیارنامەیەیە.

هەروەکوو لە بڕیارنامەکەدا هاتووە, کە پەیوەندی نێوان ئەم دوو حیزبە, لە شێوەی پەیوەندی ئاسایی نیوان هەردوو حیزبێک نەبووە. پەیوەندی نێوان ئەو دوو حیزبە, سەرباری ئەوەی هاوسەنگەری یەکدی بوونە و هێرش بۆسەر هەر لایەکیان, هێرش بووە بۆسەر ئەوی تریشیان, تواناو ئیمکانیاتی هەریەکەشیان, لە خزمەت ئەوی تریان بووە. یانی لە ڕاستیدا یەک حیزب بوون, بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دوو وڵاتی جیاواز بوون, بۆیە دوو حیزبیشیان پێکهێناوە. دیارە ئەگەر ئەم دوو حیزبە یەک بەرنامە و یەک بنەمای ڕێکخراوەییان هەبێت و تەنانەت یەک ڕابەریشیان هەبێت, نەک هەر



ئەوەندە, بەڵکوو لە ئۆرگانێکی گرنگی وەک کۆمیتە ناوەندیش تێکەڵی یەک بن, هەر دەبێ بڕیارێکی لەو چەشنە پەسەند بکرێ.

بەڵام لێرەدا چەند پرسیار خۆی ئەهێنێتە پێشەوە,...

یەک بنەمای گشتگیر و بنەڕەتی هەیە لە تەواوی دنیادا, ئەویش ئەوەیە کە , هەر بڕیارێک لە هەر ئاست و ئۆرگانێک, لەهەر جێگا و مەرجەعێکەوە دەرچوو, وەیان پەسەند کرا, تەنها ئەو ئاست و ئۆرگانە, تەنها ئەو جێگا و مەرجەعە بۆی هەیە, وە ئەتوانێ هەڵیوەشێنێتەوە, وەیان گۆڕانکاری تێدا بکات, خۆ ئەگەر لەکاتێکدا, جێگا و مەرجەعێکی تریش بۆیان هەبێت, ئەوا ئەبێ لە هەمان دەستوور و یاسا باسی هاتبێ و داڕێژرابێت. ئایا ئەم بنەما گشتییە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەگرێتەوە؟ ئەگەر لەکاتێکدا وەڵامەکەی بە بەڵێ بوو, ئایا ئەو بڕیارەی خوارەوەش ئەگرێتەوە؟ ئەگەر وەڵامەکەی بە بەڵێ بوو, ئایا لە شوێنێکدا هاتووە کە, مەکتەبی سیاسی وەیان کۆمیتەی ناوەندی دەسەڵاتی هەڵوەشانەوەی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی هەیە؟ ئەگەر وەڵامەکەی بە بەڵێ بوو, ئایە ئەمە لە شوێنێکدا نووسراوە و داڕێژراوە؟ ئەگەر وەڵامەکەی بە نا بێت, ئەوا هەڵوێستگیری مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, لەمەڕ کێشەکانی ئەم دووایییەی نێو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی ئەم پەسەندکراوە, چۆن لێک ئەدرێتەوە؟

ئایا ئەکرێ بڵێین کە ئەمە, پێچەوانەی ئەو بنەما گشتگیر و بنەڕەتییەیە؟

ئەگەر وامان دانا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, سەرباری ئەو پەیوەندییە هاوماڵییە, پەسەندکراوێکی لەو جۆرەی نییە تا مرۆ لێیەوە حوکمێک دەربهێنێ, ئایا بۆ بڕیارێکی لەو جۆرە, مەکتەبی سیاسی ئەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەسەڵاتەی نییە کە ئەو پیوەندییە هەڵوەشێنێتەوە؟ ئایا ئەمە ئەکرێ وەک پەیوەندی ئاسایی نێوان دوو حیزب تێی بڕوانی؟ وەیان نەخێر ئەم پەیوەندییە وەک پەیوەندی نێوان حیزبەکانی نێو ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم و دووەم و سێیەمی سەردەمی مارکس و ئەنگڵس و لینینە, بەڵکوو باڵاتر لەوانیش؟ بێگومان ئەگەر دیرۆکی ئەو دەمە بخوێنینەوە, ئەو حیزبانەش لەسەر چەندین مەسەلە خیلافیان هەبووە و هەر خۆشیان سەر بەهەمان بزوتنەوە و ئەنتەرناسیۆنال زانیوە, کەچی ڕەخنەیان لە یەکتر گرتووە و ڕێکخراوە جیهانییەکەی خۆیانیان تێک نەداوە, ئایا ئەکرێ بڵێین, نەخێر ئەم کێشە و خیلافاتانە لە شێوەی کێشە و خیلافتێکە کە ئەنتەرناسیۆنالی دووەمی تێکدا؟

بەپێی بنەمای ڕێکخراوەیی بێت, کۆمیتەی ناوەندی, لەنێوان هەردوو کۆنگرەدا, بەرزترین دەسەڵاتە, ئایا بۆ هەڵوێستگیرییەکی لەو جۆرە, کۆمیتەی ناوەندی خاوەن ئەو دەسەڵاتەیە؟ ئەگەر وایە, ئیتر کۆنگرە چ کارەیە؟ ئەگەر وایە, ئیتر کۆمیتەی ناوەندی بۆ ناتوانێت بەندێک لە بەندەکانی بەرنامە وەیان بنەمای ڕێکخراوەیی وەیان بڕیارەکانی تری کۆنگرە, بگۆڕێت؟ ئەگەر وامان دانا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لە بنەمای ڕێکخراوەیی مەنصور حیکمەت لای داوە, ئایا ئەم هەڵوێستگیرییەش, هەر لادان نییە لەو پرانسیپە؟ ئەگەر وامان دانا حەمید بازی بەسەر کۆمیتەی ناوەندییدا دا لە مەسەلەی بەستنی کۆنگرەی 5, ئایا ئەکرێ بڵێین کە مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش هەمان گوناهی کردووە, بەوەی بازی بەسەر کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرەدا داوە؟ ئەوە ڕاستە کە ڕۆشنی لە ئەرک و دەسەڵاتەکان لە دەستووری ناوخۆیی حیزب و



ڕێکخراوە و دەوڵەتدا, گرنگە, تا فەرد حوکمێکی ڕۆشنی لەبەر دەستدا بێت و بەرامبەریش بە ئاسانی پێشێلی فلأنە مەسەلە نەکات, بەڵام هەروەکوو بۆ حکومەتەکان ئەوە دروستە کە ئەگەر هێزێکی وشیار لە پشت ئەو یاسایەوە نەبێت, ئەو یاسایە هەر ڕۆژێک بە مەسڵەحەت بێت, باز ئەدرێت بەسەریدا, ئایا ئەمە حیزبە کۆمۆنیستەکانیش ئەگرێتەوە؟

ئایا ئەگەر مەکتەبی سیاسی بۆ کارێکی لەوجۆرە, بۆ کۆنگرە بگەڕێتەوە, ئیتر مانای ئەوەیە کە, ڕابەری نییە؟ ئەی خۆ لە سیاسەت لەبەرامبەر گەمارۆی ئابووری و لە مەسەلەی ئەفغانستان و 11 ی سێپتەمبەر نەگەڕانەوە بۆ کۆنگرە؟ بەڵام ئەکرێ ئەم مەسەلانە وەک یەک سەیر بکرێن؟ ئەی ئەو مەسەلانە ئەگەر تەسائولاتێکیشی هێنابێتە پێش, بۆ کێشەیەکی نەهێنایە پێش؟ ئەی بۆچی بۆ جیاکردنەوەی بەشی کوردستانی حیزب و پێکهێنانی حیزبی کوردستانی ئەم شێوازەیان نەگرتەبەر؟ ئایا لەبەرئەوەی حیزبەکە ئەبوو بە دوو حیزب؟ ئەکرێ بڵێین ئەو شێوازە سەرکەوتوو نەبوو, وە مایەی سەرئێشەبوو؟ ئەی چ سەنگوپێوانەیەک هەیە کە لەمەودوا ئەم مەسەلانەی پێ هەڵبسەنگێنین؟ چ دەرسێک لەمانەوە ئەکەین بە دەرس؟ ئایا ئەندامبوون لە کۆمیتەی ناوەندی یەکتری, ئەگەر لە هەندێک حاڵەت بەکەڵک بێت, لە هەندێک حاڵەتی تر زیانبەخش نییە؟ ئایا هەروەک بڕواداریێک لە ئایین, ئەگەر زۆر بیر لە بوونی خودا بکاتەوە زیانبەخشە و گوناهبار ئەبێت, ئایا ئێمەش بەم پرسیارانەمان, گوناهبار نابین؟!

**سالار ڕەشید**

*



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بڕیاری کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
# لە پەیوەند بە یەکێتی و هاوسەنگەریی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

**((لە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق))**

**بڕیاری ژمارە (9) :**

کۆنگرەی یەکەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق, لەسەر یەکێتی و هاوسەنگەری خۆی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, پێدائەگرێت و ڕایدەگەیەنێت کە, هەر جۆرە هێرشێك بۆسەر ئەم حیزبە و ڕابەرانی, بە هێرش بۆسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی ئەزانێت. سەرباری ئەوە, کۆنگرە لە کۆمیتەی ناوەندی دەخوازێت کە, تەواوی ئیمکانیاتی خۆی بۆ بەرفراوانکردنەوەی هەڵسوڕانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, بخاتە گەڕ.

* * *

ئەم بەڵگەنامەیە:

(از مصوبات کنگره اول حزب کمونیست کارگری عراق)

لە: "ایسکرا", ژمارە (3)



بلاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

سردبیر: فاتح شیخ الاسلامی

14 فروردین 77_ 4 نیسان 1998

وەرگێراوە

*

2004 .10 .15



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# پێشەکییەك لەلایەن وەرگێڕەوە

ئەم بەڵگەنامەیەی لێرەدا دەیخوێننەوە، نووسراوە و تەرحی "کۆڕشی مودەڕیسی"یە، لە 24 ئابی 2002دا نووسیویەتی، تاوەکوو هەیئەتی هەمیشەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لێی بکۆڵێتەوە، پەسەندی بکات و کاری پێ بکات. ئەم تەرحە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامانەی کە قسەوباس و ڕەخنەی زۆر و دەیان نووسراوەی بەدوای خۆیدا هێنا و لەپاڵ چەندین مەسەلەی تردا، بووە مایەی هێنانەکایەوەی سەرەتایەکی ئاشکرا لە ناکۆکی و خیلاف و دەستەبەندی، سەرئەنجامەکەی بە پارچەبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران گەییشت. دواتریش، پاش ئەوەی بەڵگەنامەکان خرانە بەردەستی هەموان، دیسانەوە لە زۆر نووسین، کۆڕ و سیمیناردا باسی هاتووە و زۆر جاریش بە مەبەست، وەیان بۆ ئیشتیهای نەفس بەجۆرێکی تر باسی لێ کراوە، هەندێک جاریش نکۆڵی لەوە کراوە کە شتی وا وترابێت. بۆیە وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامەیە بۆ زمانی کوردی، نەک هەر پێویستە، بەڵکوو واجبیشە.

هەندێک ئەڵێن، کۆڕش باسی ئەنجومەنی بنیاتنەران و حەجەریان و دووی خورداددییەکانی هەر نەکردووە، هەندێکی تریش ئەڵێن، ئەمە چییە لەسەر چوار دەستەواژە ئەم هەموو هەرایە ئەکەن. کەسانێکی تر دێن و ئەڵێن ئەمە باسێک بووە هی دوو ساڵ پێش ئیستا، بۆ ئێستا زیندوو کرایەوە، وەیان ئەڵێن ئەمە تەنها ڕەشنووسێک بووە و هیچی تر، وەیان ئەڵێن کۆڕش هاتووە لەسەر هەمان قسەکانی مەنسور حیکمەت مەسەلە هەنووکەییەکانی وردتر کردۆتەوە وەیان بە ئەنجامگیری عەمەلی گەیاندووە. کەسانێکی تر دێن و



ئەڵێن، باشە حەمیدی تەقوایی کاتی خۆی، تەنها چەند تێبینییەکی لەسەر ئەم تێزانە هەبوو، نەک ڕەخنە و ڕتکردنەوەی، یان بۆچی ئەوکاتە نەی وت، ئەم تەرحە تەرحێکی ڕاستڕەوانەیە. کەسانێکی تر ئەڵێن، ئەو تێزانەی کۆڕش چ خەوشێکی نییە و لە دەمێکەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە شێوازێکی لەوجۆرە و بە ڕێنمایی خودی کۆڕش حەرەکەت ئەکات.

کەسانێکی تریش ئەڵێن، ئەگەر کۆڕش پێش دوو ساڵ ئەم تەرحەی هەبووە، ئەوا بەجیالەوەی لە کاتی خۆیدا مشتومڕی زۆری لەسەر کرا، بەڵام هەتا ئەم دوایییانەش کۆڕش هەمان ئەو شتانەی لەژێر پەردەیەکی تر دووبارە کردۆتەوە. ئەمانە ئەڵێن، ئەم تەرحانە تەرحێکی ڕاستڕەوانەیە، دوورکەوتنەوەیە لە ستراتیژی حیزب و هەمان تێزی قۆناخبەندی چەپی کۆنە، کە سۆسیالیزمیان هەواڵەی ڕۆژگارێکی نادیار ئەکرد.

کۆڕش و لایەنگرانی ئەڵێن باڵی حەمید چەپی دەستەیی، سونەتیی، لاکەوتەن، ناتوانن و نایانەوێت دەسەلات بگرنە دەست، چونکە ئەمانە تاکتیک و نەخشەکاریان نییە، لەسەر ئەرزی واقیع کار ناکەن، تەنها دروشم بەرز ئەکەنەوە و هەر ئەڵێن شورا و سۆسیالیزم.

بەهەرحاڵ! ئەم بابەت و باسانە لە ژێر تەپوتۆزێکی زۆردایە، ئەمەش تاوانێکی گەورەیە.

بە جیا لەوەی کە تەرح و تێزەکانی کۆڕش دروستن یان نا، ڕەخنە و تێبینییەکانی حەمید دروستن یان نا، پێویستە بەڵگەنامەیەکی پایەیی لەم جۆرە لەبەردەستدا بێت و ڕەخنەگەلێکیش کە لەسەری هەیە دیسانەوە لەبەردەستدا بێت، ئەو کاتە گوێ بگریت لەوەی فلان ڕاستڕەوە، فلانی تر چەپی سونەتی! یانی ئەبێ مەسەلەکان ببەینەوە سەر ئەسڵی خۆی و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرکەسە لەوێوە حوکمی خۆی بدات. ئەگەر ئەسڵەکان نادیار, ون, نارۆشن بن, حوکمەکانیش بێگومان نادروست ئەبن. وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامەیە و ئەوانی پێشوو, ئەم ئەرکـ ومەبەستەی لە ئەستۆ گرتووە.

یەکەمین ڕەخنەیەکـ کە ئاراستەی ئەم تەرحەی کۆرش کرابێت, نوسراوەیەکی حەمیدی تەقواییە, لە ژێر ناوی « چەند تێبینییەکـ دەربارەی نووسراوەکەی کۆرش "سەرنگوونی کۆماری ئیسلامی و ڕۆڵی حیزب"», لە 30 ئابی 2002, یانی پاش 6 ڕۆژ لە نووسینی ئەم تەرحانەی کۆرش نوسراونەتەوە, من لێرەدا چەند کۆپلەی لێ ئەهێنمەوە.

حەمید ئەڵێت:

*"نووسینەکەی کۆرش ئەبێتە سێ بەشەوە, یەکێکیان جەختکرنەوەیە لەسەر ئەرکە بنەڕەتییەکانی حیزب « تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم, سازماندانی شوراکان, جەماوەریکردنەوەی حیزب و...هتد.» دووەم, ئەگەری ڕەوتی ڕووداوەکان, سێیەم, تەرحی دیاریکراوی حیزب بۆ دەورەی داڕوخان « هەڵوێست لەبەرامبەر دەوڵەتی کاتی و سیناریۆی تێپەڕینی ئاشتییانە». تێبینییەکانی من لە بنچینەدا, ڕووی لەبەشی سێیەمە. هەرچی بەشی یەکەم و دووەمە, تەنها چەند خاڵیکم لە ڕاستای کامڵکردنیدا هەیە...."

*"سەبارەت بەباسی سەلبی_ ئیسپاتی, لایەنێکی مەسەلەکە, هەروەکـ کۆرش ئەڵێت, دیاریکردنی پرسیارە تەوەرەییەکانە, کە دەکرێت کۆمەڵ لەدەوری بئاڵێت, وەکوو, ئایین, ئاپارتایتی جنسی, بەرابەری ژن و پیاو, بەردباران « رجم», قەساس « سزادانی کەسێک بە هەمان ئەو شتەی کە کردوویەتی_ وەرگێڕ», یاساکانی ئیسلام بە گشتی و ...هتد. ....



بەڵام ئەبێ ئەنجامگیرییەکی تریش لە باسی سەلبی_ ئیسپاتییەوە هەڵبهێنجین, ئەویش جیاوازییەکانی ئێمە لەگەڵ باقی هێزەکانی ئۆپۆزیسۆن, نەتەنها لە ڕووی درووشم, بەرنامە و ئاڵتەرناتیڤی ئیسپاتیمان, بەڵکوو سەبارەت بە نەخێری ئێمە, ناتەبایی و ناڕەزایەتی ئێمە لە دژی ڕژێم و نیزامی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نەخێری باقی هێزەکانی ترە....."

*"لە هەموو قەیرانە حکومەتییەکاندا, ڕژێم لە کاتی پاشەکشە و ڕوخاندا, وەکوو دوا چنگەکرێ, بۆ پاراستنی فەرمانڕەوایەتی خۆی, دەستئەکات بە ئاڵوگۆڕێکی نائاسایی لە دەوڵەتە کە پێشتر نەی کردووە, وە جۆرێکـ لە "دەوڵەتی کاتی و نائاسایی" کە سیاسەت نەکـ ئابووری, فەلسەفەی بوونیەتی, ئەهێنێتە سەر کار. ئەم جۆرە دەوڵەتە کاتییانە, بەشێکن لە پرۆسەی سەرنگوونی و بەتەواوەتی لە دەوڵەتە کاتییەکانی پاش سەرنگوونی, لە ڕوانگەی ڕۆڵیان لە ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاستی خۆشخەیاڵی خەڵکـ و ڕەفتاری خەڵکـ لە بەرامبەریان جیاوازە. سەرئەنجام, پێویستە سیاسەت و هەڵوێستی ئێمەش لە بەرامبەر ئەو دەوڵەتانە, لە بناغەوە جیاواز بێت.

*"کاتێکـ کۆرش ئەڵێت, بەسەرنگوونی کۆماری ئیسلامی دەوڵەت ئەکەوێتە دەستی نزیکترین ئەو هێزەی لە ئارا دایە و دواتر نموونەی بەشێکی خودی دەزگای دەوڵەتی و دووی خوردادییەکانی حکومەتی ئەهێنێتەوە, وەکـ ئەوەی لە هەموان زیاتر شانسی گرتنی دەسەڵاتیان هەیە, بە بڕوای من ئەمانە بەشێکن لە پرۆسەی پاشەکشە و ڕوخان."



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*"تەرحكردنی بەياننامەی مافە سەرەتاييەكان « يان ناوێكی باشترا», بە ناونيشانی بنەمای دياريكردنی پەيوەنديمان لەگەڵ دەوڵەتی كاتيی, بەتەواوەتی لەگەڵی دام."

*"پێويستە ئێمە بە ئاشكرا بڵێين كە, هەر دەوڵەتێك لە دواى كۆماری ئيسلامی دێت, ئەبێ پابەندی ئەم تەرح « تەرحی بەياننامەی مافە سەرەتاييەكان_وەرگێر»ە بێت, ئەگەرنا لە ڕوانگەی ئێمە « و خەڵك»وە هيچ ڕەوايەتيی « شرعيە» ەكی تەنانەت وەكوو دەوڵەتێكی كاتيش نييە و ئەبێ سەرنگوون بێت."

*"بەشداريكردنی ئێمە لە دەوڵەتی كاتيی « لەگەڵ هێزەكانی ترا», نابێت بەشێكی سيناريۆكەی ئێمە بێت و نابێت وەكوو بەشێك لەو سيناريۆيە ڕابگەيەنرێ و تەبليغ بكرێت. پێويستە ئێمە بڵێين, هەر لەمڕۆوە حيزب تەواوی هەوڵی خۆی بەكار ئەهێنێت, تاوەكوو خۆی بە دەسەڵات بگات و كۆماری سۆسياليستی دابمەزرێنێ....... لە هەمانكاتدا ئەگەر لە دواى داڕوخان حيزب يەكسەر بە دەسەڵات نەگەييشت, تەرح و سيناريۆی خۆی ڕا ئەگەيەنێت. ڕاگەياندنی هەر جۆرە دەوڵەتێكی تری پێش كۆماری سۆسياليستی لەلايەن ئێمەوە « بەناونيشانی بەشێك لە نەخشەكارێك كە ئێمە داهێنەرين و بۆی تێ ئەكۆشين», بەكردەوە و بەناچاری كۆماری سۆسياليستی ئەخاتە ژێر ڕوناكی خۆيەوە و كۆماری سۆسياليستی بە قۆناغی دواتر و هەنگاوی دواتر ئەسپێرێ."



*"لۆژيكی سياسی تەرحەكەی ئێمە دەبێ ئەوە بێت كە, لە هەلومەرجێكدا, بەجيا لە ئارەزووی ئێمە و سەرباری هەوڵی ئێمە, لە دواى داڕوخان, دەوڵەتێكی تر هاتە سەركار, ئەمە تەرح و نەخشەكاری ئێمەيە, بۆ دياريكردنی پەيوەنديمان بە دەوڵەت و گەييشتن بە حكومەتی خوازياری خەڵك بە شێوەيەكی ئاشتييانە. بێگومان ئەگەر بە كردەوە, هاوسەنگی هێزی واقيعی, ئەو تواناييە بە ئێمە بدات كە لە دەوڵەتی كاتی بەشداری بكەين, ئەوا پێشوازی لێ ئەكەين و هەوڵ ئەدەين كە لە سەرەوەش ئامانجەكانمان بۆ پێشەوە ببەين, بەڵام ئەمە ناتوانێت و نابێت بەشێك لە تەبليغات و كەمپينی ئێمە لە نەخشەكاری حيزب پێك بهێنێت. تەرحی بەياننامە بە ناونيشانی بەڵگەنامەيەك بۆ دامەزراندنی دوڵەتێكی هاوبەش لەگەڵ هێزەكانی تر و يان وەكوو پێشمەرجێك بۆ بەشداريكردنمان لە دەوڵەتی كاتی و يان وەكوو بنەمايەك بۆ كاری هاوبەش بۆ گەييشتن بە دەوڵەتێكی لەو جۆرە و هتد. بە تەواوی هەڵەيە و بەكردەوە, بە ئاراستەی پێچەوانەی ئامانجی تەرحەكە كار ئەكات."

*"سەبارەت بە ئەنجومەنی بنياتنەران, گرفتی بنەڕەتی ئەوەيە كە يەكەم, ئەنجومەنی بنياتنەران بە ئاكار « تقليد»ی ئێمەوە پەيوەست نييە و دووەم, بە تايبەت ئەمڕۆ, لەلايەن پرۆ ڕۆژئاواييەكان و موجاهيدينەوە تەرح كراوە."

*"پێشنياری من بە دياريكراوی, تەرحكردنی كۆبوونەوەی نوێنەرانی شوراكانی خەڵكە, بەناونيشانی ئۆرگانێك كە دەسەڵاتی دياريكردنی جۆری حكومەتی خوازياری خەڵكی هەبێت. يانی لەجياتی ئەنجومەنی بنياتنەران كە كۆرش تەرحی كردووە."



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*"ئەوە ڕاستە کە ئەمڕۆ شوراکان لە ئارادا نین, بەڵام یەکەم, شانە هەڵبژێراوەکانی ئەنجومەنی بنیاتنەران « و هەر ئۆرگانێکی ترا»یش لە ئارادا نییە, دووەم, ئێمە ئەم تەرحەمان بۆ دوای داڕووخانە, لە هەلومەرجێکدا کە ئازادییە سیاسییەکان لەسەر بنچینەی بەیاننامەکەی ئێمە_ تەنانەت بەو ڕادەیەش نەبێت کە لە بەیاننامەکەدا باسی کراوە, بەڵکوو تا ڕادەی لاوازبوونی دوفاکتۆی ئۆرگانە پۆلیسییەکانیش بێت_ لە کۆمەڵگادا لە ئارادایە و ئێمە ئەتوانین لەو دەورەیەدا شوراکان پێک بهێنین."

*"سەبارەت بە ڕیفراندۆمیش سەرباری گرفتەکانی سەرەوە, من پێم وایە لەباری پرانسیپەوە, پێویست ناکات تەرح بکرێت. پێویست ناکات هەر لە ئێستاوە ئێمە هەنگاوی سێیەم « لە پاش دەوڵەتی کاتی و دامەزراندنی مەرجەعێک بۆ دیاریکردنی نیزام» دیاری بکەین. لەڕوانگەی لۆژیکی سیاسییەوە هیچ شتێکی زیاد ناخاتە سەر تەرحەکە, بەڵام زیانی ئەوەیە کە, ئێمە بە باسی ڕیفراندۆم کە ئەمڕۆ لەلایەن پادشاییخوازان « سەلتەنەت تەڵەبان»ەوە تەرح ئەکرێت و ئێمە دژایەتی توندمان لەگەڵیاندا هەیە, وەکوو هاوئاراستەی یەکتر دەر ئەکەوین و ناکۆکییەکەمان لەوەدا ئەمێنێتەوە کە کاتی ڕیفراندۆم کەی بێت."

*"خاڵێکی لەوە گرنگتر ئەوەیە کە, ڕیفراندۆم لە بنچینەدا ڕێگایەک نییە بۆ دیاریکردنی نیزامی حکومەتی و تەنانەت دەوڵەت و کابینەش, لە مێژووشدا شتی لەوجۆرە ڕووی نەداوە, کە نیزامی حکومەتیی و دەوڵەتیی بە ڕیفراندۆم یەکلا بکرێتەوە. لەباری یاساییشەوە ڕیفراندۆم هەر بۆ مەسەلەیەک ئەنجام دراوە کە بە وەڵامی بەڵێ وەیان نەخێر یەکلا بێتەوە نەک جۆری حکومەت_



وەیان شێوەی حکومەت_ کە ڕەنگە گەلێک ئاڵتەرناتیف تەرح بکرێت. ئەمە جێگایەکی ڕەخنەی ئێمە بووە لە پادشاییخوازان, کە ڕووی خۆشمان ئەگرێتەوە. بە ڕای من, پێویستە ڕیفراندۆم لە تەرحەکەدا لا ببرێ, بەتایبەت بە تەرحکردنی کۆبوونەوەی نوێنەرانی شوراکان, ڕیفراندۆم بەتەواوەتی زیادەیە."

*"جێبەجێبوونی بەیاننامەکە, تەنها ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەیە, بۆ هاتنەسەرکاری دەوڵەتی خوازیاری خەڵک. بەیاننامەکە ئەوە مسۆگەر ئەکات کە, لە هەلومەرجێکی دیموکراتیکدا, هێز و حیزبەکان ئاڵتەرناتیڤی خۆیان تەبلیغ بکەن و بانگەوازی بۆ بکەن. ئەم ئاڵتەرناتیڤە لە ڕوانگەی ئێمەوە, کۆماری سۆسیالیستییە. ئێمە دڵنیاین کە, لە کەشوهەوایەکی ئازاد و دیموکراتیکدا, خەڵکی ئاڵتەرناتیڤی ئێمە پەسەند ئەکات."

*"....سیناریۆی ئێمە « بەیاننامە + کۆبوونەوەی شۆڕاکان»ە....."

ئەوەی پێشا دەقی چەپکێک لە ڕەخنەکانی یەکێک لە ڕەخنەگرانی کۆڕش, یانی حەمیدی تەقوایی بوو, کە فرسەت بە خوێنەر ئەدات ڕوانگە و تەرح و تێزەکان, وەک خۆیی و بەبێ ڕوتووش ببینێ.

کەواتە بەدەر لەوەی کە کام یەک لەم دوانە و لە لایەنگرانیان ڕوانگە و میتۆد و نەخشە و تەرحیان دروستە یان نا, مەسەلەکە ئەوەیە کە, ئەگەر کۆڕش تەرحێکی هەبووە بۆ سەردەمی داڕوخانی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران, ئەوا یەکسەر و پاش 6 ڕۆژ حەمید وەڵامی داوەتەوە و قسەی هەبووە, هەرکەسێکیش ئەگەر بە وردی سەرنج بدات تێ ئەگات کە وەڵام و قسەکانیش هەروا چەند تێبینی و سەرنجێک نەبووە, بەڵکوو دوو بۆچوون و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوو میتۆدی بە تەواوەتی لێک جیاواز و پێچەوانەن. دیارە ئەوەندەی کە بە بنەما گشتییەکان و شیکردنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکانەوە پەیوەستە, ناکۆکی و خیلافێکیان نییە و ئەکرێ بڵێین ئێستاش لەو ڕووە خیلافێکیان نییە. بەڵام خیلافەکە لە بەشی سێیەمی باسەکەدایە. هەروەها مەسەلەکە ئەوەش نییە کە گوایە کۆرش تەرحی هەیە و حەمید نییەتی, وەیان حەمید هەر ئەڵێ سۆسیالیزم و هیچی تر, یانی حەمید تاکتیک و نەخشەی بۆ سەردەمی داڕوخان نییە و تەنها دروشم ئەڵێتەوە, وەیان حەمید ئەوە بە نادروست ئەزانێ کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, بەشداری پێکهێنانی دەوڵەتی کاتی لەگەڵ هێزەکانی تری ئۆپۆزیسۆندا بکات و ...هتد. خوێنەر ئەتوانێ ئەم تێزانەی کۆرش بخوێنێتەوە و پاشان لەگەڵ چەپکێک لە قسەکانی حەمید کە دەقەکەیمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەراورد بکات, تاوەکوو بەو ئەنجامگیرییانە بگات. دوای ئەوەی خوێنەر هەردوو تەرح و میتۆدی کەوتە چنگ, ئیتر ئەو کاتە بە هوشیارییەوە ئەتوانێ قسەی خۆی بکات.

ئەوانەی ئەڵێن, ئەمە چوار دەستەواژەیە, بۆ ئەم هەمووهەرایەی لەسەر ئەکرێت, مانای وایە ئەمانیش پێیان وایە که ئەم دەستەواژانە نادروستە, بەڵام دروست نییە ڕەخنەی لێ بگری, وەیان ئەوەندە پێی لەسەر دا بگری. ئایا ئەم ڕوانگەیە کۆمۆنیستییە؟ ئایا نەک چوار دەستەواژە بەڵکوو یەک دەستەواژەش وەکوو دیکتاتۆری پرۆلیتاری, وەکوو دیموکراسی, وەکوو حیزبی خەڵک, کۆمۆنیزم سەرەوخوار ناکاتەوە؟ ئایا مارکس کە ڕەخنەی لەبەرنامەی گۆتا گرت, حیسابی بۆ دانەبەدانەی دەستەواژەکانی نە ئەکرد؟

ئێستا پرسیار ئەوەیە, ئایا نادروستە لە ئێستاوە هەلومەرجی ئاییندە و ئەگەری ئاڵوگۆڕ و ڕەوتی ڕوداوەکان و پێشهاتەکان لێک بدەیتەوە؟ وەیان



نەخێر نادروست نییە و پێویستە, بەڵام لەبەرامبەریدا چ سیاسەتێک ئەگریتە بەر, ئەوە گرنگە؟ ئایا ئەشێت, کۆمۆنیستەکان لە حکومەتێکدا بەشداری بکەن, کە حکومەتی کرێکاری نەبێت؟ ئایا چاکتر نییە کە ئەگەر بکرێ, جگە لە خوارەوە, لەسەرەوەش کار بۆ ستراتیژی خۆت بکەیت؟ چ پێودانگێک بڕیاردەرە, بۆ بەشداریکردن وەیان نەکردن؟

ئایا ئەوە ڕاستە کە لینینیش لەسەردەمی خۆیدا کارێکی لەم جۆرەی کۆرشی کردووە؟ "بابەتەکانی نیسان" کە نوسراوەی لینینە و تایبەتە بەوهەلومەرجە و بە شۆڕشی نیسانەوە, باسێکی لەو جۆرەی تیا بەدی ئەکرێت؟ ئەی مەنسور حیکمەت کاری لەو جۆرەی بۆ نەکرد؟ دەسەڵاتی سیاسی یەکێک لە دەستەواژە تەوەرەیی و زۆر گرنگەکانی سیستەمی فیکری ئەو بیرمەندەیە, ئەگەر مەسەلە وردکرنەوەیە, بۆچی خۆی ئەم کارە گرنگەی ئەنجام نەدا؟ بۆچی کۆرش لەسەردەمی خودی مەنسور ئەم تەرحەی نەخستە ڕوو؟

ئەگەر ئەم تەرحە نەبێت, چ تەرحێکی تر بۆ ئەمە ئاڵتەرناتیڤە؟ کۆرش ئەڵێت, خۆزگە تەرحێکی باشتر هەبوایە, وەیان ئەڵێت لە هیچ باشترە! ئایا لەپاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەم تەرحە و دووپارچەبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, کۆرشی مودەڕیسی لەبارەیەوە چی ئەڵێت؟ لەو چاوپێکەوتنانەی ئەم دواییەی, کە دێتە سەر باسی ئەو تێزانە, ڕەخنەیەکیان ئاراستە ناکات, ئایا هەتا ئێستاش هەر پێی وایە کە دروستن؟ وەیان نەخێر ڕەخنەی هەیە لە بارەیانەوە, وەیان هەر ڕەتیان ئەکاتەوە؟ لە شوێنێدا ئەم کارەی کردووە؟ ئەگەر ئەو کاتە تەرحێکی باشتر لەوەی پێ نەبوو, ئایا ئێستا, ئاڵتەرناتیڤێکی هەیە؟



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەپاش ئەم تەرحە و ئەم بێنەوبەردانە, کۆرش بووە لیدەری حیزب, لەو دەورەیەدا حیزب کاری گەورە و گرنگی ئەنجام دا و ڕەزامەندی بەرچاوی لە حیزبدا بەدەست هێنا, بە خودی ڕەزامەندی حەمیدیشەوە! ئایا ئەمە چۆن لێک ئەدرێتەوە, لە کاتێکدا ئەگەر کۆرش نەزەراتی ڕاسترەوانەی هەبوویێت؟ ئایا مەسەلەکە ئەوەیە کە بەپێی نەزەراتی خۆی کاری نەکردووە و بەپێی سیاسەت و بڕیارنامەی پەسەندکراو و فەرمیی حیزب کاری کردووە؟ ئایا ئەکرێ بڵێین کە, کۆرش بۆ ماوەیەک وەیان بەتەواوەتی, وازی لەو تەرح و تێزانەی خۆی هێناوە؟ ئەی "بەیاننامەی 21 نەفەرە" چییە, ئەکرێ بڵێین ئەمە هەمان ئەو تەرح و تێزانەیە لە بەرگێکی تردا؟ ئایا کۆرش وازی لەم تێزانە هێناوە و بەڵام حەمید ئەیەوێت, لە پاش تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەریدا, بۆ شکاندنی کەسایەتی کۆرش بەکاری بهێنێ؟ کۆرش ئەڵێ, ئەو مەسەلانە هی دوو ساڵ پێش ئێستایە و کێشە و خیلافەکان لەوێوە سەرچاوەیان نەگرتووە, بەڵکوو لەمەسەلەی باسی "لیدەر"ەوە دەستی پێ کردوە, پاشان چۆنیەتی بەشداریمان لە نارەزایەتییەکانی ئێراندا و...هتد. ئایا دروست ئەمە وایە؟ ئایا ئەوانش هەر ڕەگەکەیان ناگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو میتۆدەی کە پێشووتر کۆرش و حەمید هەیان بووە؟ ئەگەر وایە, کۆرش بۆ ئەیەوێت, پەیوەندی نێوان خیلافە کۆنەکان و تازەکان لێک بترازێنێت؟ ئەی ئەگەر پەیوەند نین بەیەکەوە, بۆچی حەمید ئەیەوێت, لەیەکیان گرێ بدات؟

ئایا ئەکرێ لە پەیوەند بەم تەرحەوە, حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و هەلومەرجی ئێران بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و هەلومەرجی عێراق بچوێنین؟ یانی بڵێین, ئەوەتا حیزبی عێراق هەمان ئەو تێزانە ئەباتە



پێشەوە؟ بۆچی شوراکان لە عێراق دا نەمەزران؟ ئایا لە ئێرانیش بەهەمان شێوەیە و ناکرێت شوراکان دابمەزرێن؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری تر لەگەڵ وەرگێڕانی ئەم باسەدا خۆیان قوت ئەکەنەوە...................

**سالار ڕەشید**

❊

## سەرنگوونیی کۆماری ئیسلامی و ڕۆڵی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

هاوڕێیان!

ئەم خاڵانە بۆئەوە نووسراوون, تا لە هەیئەتی هەمیشییدا, وتووێژی لەسەر بکرێت. بێگومان فۆرمولبەندییەکانیشیان ئەکرێت دابڕێژرێنەوە. پێم وایە ئەو خاڵانەی لەخۆ گرتووە کە لە پلینۆمدا باسی لەسەر کرا. ڕەنگە لە پلینۆمدا نەمتوانیبێ ئەم باسە بە قووڵی بخەمە ڕوو. بەهەرحاڵ, ئەمە هەوڵێکە بۆ گردوکۆکردنی باسەکە. هیوادارم لە هەیئەتی هەمیشەییدا قسەوباسێکی بەکەڵکمان هەبێت.

**کۆرشی مودەڕیسی**

**24 ئاب 2002**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆبوونەوەی تاووتوێکردنی ئەم بابەتە, ڕۆژی هەینی 6ی ئاب, کاتژمێر 10ی بەیانی هەتا 2ی دوانیوەڕۆ بوو.

# سەرنگوونیی کۆماری ئیسلامی و ڕۆڵی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

1/ سەرنگوونی کۆماری ئیسلامی, پرسیارگەلی جیدی ئەخاتە بەردەم کۆمەڵ و بێگومان بەردەم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانیش. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێویستە, ئەو سیناریۆیانەی کە ئیمکانی ڕوودانی هەیە, وە بەتایبەت ئەو سیناریۆیەی کە ئەگەری هاتنەپێشەوەی هەیە, هەڵبسەنگێنێ و ڕۆڵی چالاك بگێڕێ لە پێدانی ڕەهەندگەلێك کە دەخوازێت.

2/ لە هەلومەرجی ئێستادا, ئەو شێوە ئیحتیمالییەی کە کۆماری ئیسلامی پێ سەرنگون ئەبێت, کە بێگومان لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵك و هێرشیان بۆسەر دامودەزگاکانی ئەم ڕژێمەوە ئەبێت, مانای بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕاستەوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, وەیان ڕەوتی ڕاستی پرۆڕۆژئاوایی نییە. سەرنگوونیی کۆماری ئیسلامی, بەمانای سەرکەوتنی یەك ئاسۆ و یەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە. ئێمە یەك دەورە لە ئاڵوگۆڕ, پێکدادان, یەك دەورە لە دەوڵەت و دەوڵەتگەلی نائاسایی ئەبینین, کە تیایدا چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی یەکلا دەبێتەوە. بڕیارنامەی کۆنگرەی سێیەمی حیزب, پێشبینی ئەم هەلومەرجە ئەکات.

" سەرنگوونیی ڕژێمی ئیسلامی, بەسەرئەنجامگەیشتنی ڕەوتی ئاڵووگۆڕە سیاسییەکانی ئێران نییە. کێشمەکێشی چینەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان



لەسەرئەوەی کە چ نیزامێك لەجێی ڕژێمی ئیسلامی دابنرێت, کە هەرئێستا لە هەناوی ئەو خەباتەی کە لە دژی ئەم ڕژێمەیە, دەستی پێکردووە و لەپاش سەرنگوونی ڕژێمی ئیسلامیش, هەتا جێگیربوونی حکومەتی ئاینده, هەر درێژەی ئەبێت. ... لە ڕووی بابەتییەوە, هەردوو بزووتنەوەکە, چ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و چ بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکاریی, شانسی بەدەسەڵاتگەیشتنیان هەیە".

3/ بە سەرنگوونی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی, کۆمەڵگا بە دەورەیەکی تەواو خاڵی تێناپەڕێ. مەدەنییەتی کۆمەڵگا, سانترالیزەبوونێك کە لە سیستەمی ئابووری و ئیداری وڵاتدا هەیە, سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا, بەناچاری, دەوڵەتێکی فەرمیی ناوەندیی ئەهێنێتە ئاراوە. ئەم دەوڵەتە, لەم دەورەیەدا, ڕەنگە دامێنی تواناییەکانی سنووردار بێت. بەڵام سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی دارایی, بوارێکی زۆری لەبەردەستدایە. ڕادەی کەڵکوەرگرتنیش لەو بوارانە کەبەهۆیەوە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی دارایی پێ ئەکرێت, پەیوەستە بە هاوسەنگی هێزی کۆمەڵایەتییەوە.

4/ هاوسەنگی هێزی نێوان گرایشە کۆمەڵایەتی و حیزبە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە ئێستادا و لە ئامادابوونی حیزب و ڕەوتگەلێك کە دەتوانن بەزەبری چەك سیناریۆی ڕەش بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن, پرسیارگەلێك ئەخەنە بەردەم خەڵك و کۆمەڵگا, کە پێویستە لەسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی وەکوو هێزێك کە خۆی بە لێپرسراو دەزانێت و خوازیاری دەسەڵاتی سیاسییە, وەڵامیان پێ بداتەوە. ئەم وەڵامە, وە هەولێکیش کە حیزب ئەیدات بۆئەوەی ئەمە بکاتە وەڵامی خەڵکیی, یەك پایەی بناغەیی نزیکبوونەوەی حیزبە لە دەسەڵات.

5/ ئەو پرسیارە بنەڕەتییانەی کە پێویستە وەڵامیان پێ بدرێتەوە بەم شێوەیەیە: (ئەم پرسیارانە لە دونیای واقیعیدا, ڕووە جیاوازەکانی هەمان ئەو نارۆشنیانەیە کە لە بڕگەکانی سەرەوەدا ئاماژەیان پێ کرا)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەلیف: لەهەلومەرجی هەنووکەییدا و لەدوای سەرنگونی کۆماری ئیسلامیی, کامە پێکهاتە (ترکیب) بۆ دەوڵەتی فەرمی, زۆرترین ئەگەری هاتنەسەرکاری هەیە؟ حیزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکان, لەو دەوڵەتەدا, چ رۆڵێکیان دەبیّ؟ خەڵك و ئۆرگانە جەماوەرییەکان چ جێوشوێنێکیان دەبێت؟ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چ جێوشوێنێکی دەبێت؟ چ سیاسەتێك ئەگرێتەبەر؟

ب: بە چ شێوەیەك دەکریّ بەر بە تێکدانی ژیانی مەدەنی و جێبەجێبوونی سیناریۆی رەش بگیرێت؟ پێویستییەکانی ئەو کارە چییە؟ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەپەیوەست بەمانەوە, چ ئەرکێکی داریکراو و تایبەتی لە نەخشەدایە؟

پ: نەخشە وەیان پلانی پەرینەوەی شارستانییانە, کە بەشێوەیەکی ئارام و دیموکراتیك, دەسەلات لە کۆماری ئیسلامییەوە بۆ نیزامی دوای ئەو بگوازێتەوە, کە تیایدا مافی دەخاڵەتی خەڵك لە دیاریکردنی ئەم نیزامە و لە هێنانەکایەوەی زەمینەیەکی یەکسان بۆ حیزبە سیاسییەکان مسۆگەر بکات, ئەبیّ چی بێت؟ پرسیارێك کە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی, بە تەرحی ریفراندۆم وەلامی پیّ ئەداتەوە.

وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, مانای تایبەتی رێکخراوەییشی هەیە, کە بابەتی باسی ئەم تیزانە نییە.

6/ بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە سەرەتا, لە چەند پرانسیپ و موشاهەداتێکەوە دەستپێبکەین:

ئەلیف: سیناریۆی سەرنگونی کۆماری ئیسلامی هەرچییەك بێت, حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران, کۆماری سۆسیالیستی بە تاکە ئاڵتەرناتیڤی رزگاریبەخش دەزانێت. بۆ بەجێگەیاندنی دەسبەجێی ئەو ئاڵتەرناتیڤە تێئەکۆشێت. دروشمی حیزب, بریتییە لە, بژی کۆماری سۆسیالیستی.



ب: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هەر لە ئێستاوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو دروشمە, هەوڵ ئەدات. هەوڵ ئەدات تا هەلومەرجەکە بەجۆرێك بگۆرێت کە جێبەجێبوونی ئەو ئامانجە هەرچی زووتر و خێراتر بە ئەنجام بگات.

پ: سەرنگوونی کۆماری ئیسلامیی ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی رێکخراوەی جەماوەری جۆراوجۆر, لەنێویاندا سەرهەڵدانی شورای گەرەك و کارخانەکانە. ئەم رێکخراوانە بەتایبەت شوراکان, یەکێکن لە کۆڵەکە بناغەییەکانی حکومەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی. حیزب پێکهاتنی ئەم رێکخراوانە, فراوانبوونەوەیان و بەتایبەت راکێشانیان بەلای سیاسەتەکانی حیزب هەر لە ئێستاوە, وە لەو دەورەیەی کە باسی ئەکەین, ئەکاتە کۆڵەکەیەکی بنەرەتی هەڵسورانی خۆی.

ت: یەکێکی تر لەو کۆڵەکانەی کە حیزب بەهۆیەوە بە دەسەڵات ئەگات, فراوانکردنەوەی حیزبە بە حیزبێکی سیاسی جەماوەریی. پێویستە کە خودی حیزب بە رێکخراوێکی جەماوەری وەها بگۆرێت, کە کۆکردنەوە و سازدانی خەڵك و گۆرینی هاوسەنگی هێزی لە توانادا بێت. پێویستە حیزب لە هەموو گەرەك و کارخانەیەك, لە هەموو زانکۆ و فەرمانگا و شوێنەکانی تر دابمەزرێت. خانەکانی حیزب پێویستە ببنە بنکەی کۆکردنەوە و سازدانی جەماوەری خەڵك و ببنە بنکەی هەڵسوراوان و رابەرانی سیاسی.

ج: حیزبی کۆمۆنستی کرێکاریی هەوڵئەدات کە ببێتە هێزێکی سیاسی بە توانا لە گشت شوێنێکدا.

چ: باسێك کە بەناونیشانی سەلبی_ ئیسپاتی لەلایەن نادر (مەنسور حیکمەت_ وەرگێر)ەوە خرایە روو, رۆڵی حەیاتی بە تایبەت لەم دەورەی ئاڵوگۆرەدا دەگێرێ. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, تەنها بە تەبلیغ و تەرویج, سۆسیالیزم و کۆماری سۆسیالیستی ناکاتە ئاڵای دەستی خەڵك. پێویستە لە کۆمەڵگادا, پرسیاری



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆنکرێت دەسنیشان بکات, وە بەدەوری ئەو پرسیارەدا, دەوروپشت جەمسەربەندی بکات. ئەوەی تێبینی ئەکرێت ئەوەیە کە, ئەو تەوەرانەی کە دانەیەك لەوان, وەیان چەند دانەیەکیان شانسی ئەوەیان هەیە کە ببنە ئەو جەمسەربەندییە, دەسکۆتاکردنی ئایینە بەسەر ژیانی خەڵکەوە, خۆشگوزەرانی, ئازادی, هاتنەمەیدانی خەڵك, پاراستنی مەدەنییەتی کۆمەڵگا و پێشگیری لە جێبەجێبوونی سیناریۆی ڕەش, مۆدێرنیزم و ...هتد. ئەبیٚ پێشبینی ئەوە بکرێت کە کام یەك لەو تەوەرانە ئەو ڕۆڵە ئەگێڕیٚ, وە گونجاوترین دروشمێك ئەبیٚ چی بێت.

ح: بێگومان بۆرژوازی و حیزبەکانی هەرکاتێك بزانن ئەگەری شکستخواردنیان هەیە, پابەندی هیچ سیناریۆیەکی دیموکراتیك نابن, تەنانەت ڕیفراندۆمیش, با ڕاشیان لەسەری بووبێت. لیرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییە, کە دەبیٚ کۆمەڵانی خەڵك و بەتایبەت چینی کرێکار و شوراکان بگەیەنرێنە ئاستێك کە ئامادەبن بۆ بەرانبەرکیٚ لەگەڵ ئەمانە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هیچ جۆرە خۆشخەیاڵییەکی, سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی حیزبە بۆرژواییەکان بەهەر پرۆسەیەکی دیموکراتیك و شارستانییەوە نییە. سەرەنجام, پێویستە حیزب, ئامادەیی فیکری و عەمەلی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بۆرژوازی و بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە کاتی خۆیدا وەربگرێت.

خ: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی خاوەن وێنا و تەرحێك, بۆ پرۆسەی گوزار (تێپەڕین)ی شارستانیانە و ئاشتییانە کە تیایدا حیزبە سیاسییەکان توانای هەڵسوڕانیان ئەبێت و خەڵکی ئەتوانن ئازادانە حکومەتی داهاتوو دیاریی بکەن نییە. ئەمە بۆشاییەکی جیدی لە ستراتیژی حیزب بۆ گەییشتن بە دەسەڵات و بۆ ڕابەرایەتیکردنی خەڵك, دروست کردووە. پڕ نەکردنەوەی ئەم بۆشاییە, بەتایبەت لە



هەلومەرجی ئێستادا, حیزب لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە, ئەباتە شوێنێکی ناشایستە. وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ حیزب, لەم دەورەیەدا, گرنگییەکی حەیاتی هەیە.

7/ سەرنگونی کۆماری ئیسلامیی وەك دەرئەکەویٚ و لە قۆناغی یەکەمیدا, ئەکرێت بە شێوەی ڕوخانی باڵی ڕاست بێت. چەند بەش لە پاشماوەی دووی خورداديیەکانیش لە ئێستادا, ئەیانەوێت کاری خۆیان لەگەڵ باڵی ڕاستدا جیا و یەکلا بکەنەوە. لە کاتێکدا کە ئۆپۆزیسیۆنێکی زاڵ و بەهێز لە ئارادابێت, دەوڵەتی ئاڵتەرناتیڤ, دەوڵەتی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ئەبێت. شتێك لە شۆڕشی 57 (مەبەستی شۆڕشی 1979ی ئێرانە_ وەرگێڕ) کە ڕووی دا, هاتنەکایەوەی دەوڵەتی دامەزراوی خومەینی و شورای شۆڕشی ئەو بوون. شێوازی شۆڕشی ئاییندەی ئێران, زیاتر لەبابەت شێوە کلاسیکییەکانی وەك شۆڕشی نیسانی 1917 ی ڕوسیا, داڕوخانی ڕژێمی سۆڤیەت, داڕوخانی ڕژێمی ڕۆمانی, یۆگۆسلاڤی و ...هتد. ئەبێت. هیچ یەکێك لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنە سەرنگوونخوازەکان لە کورتماوەدا, لە مەیدانی سیاسەتی ئێراندا و لەو هاوسەنگی هێزەی کە ئێستا لە ئارادایە, ئەو هێزە کارایە نابێت, کە بتوانێت کاری دامەزراندنی دەوڵەت لە ئەستۆ بگرێت. سەرئەنجام, دەوڵەت میوەیەکە, لەگەڵ سەرنگوونی کۆماری ئیسلامیی, ئەکەوێتە دەستی نزیکترین ئەو هێزەی کە لە مەیداندا ئەبێت. هێزێك کە دەتوانێت لەگەڵ تێکچوونی هەلومەرجەکە, دەوڵەت ڕابگەیەنێت, پاشماوەی دامودەزگا دەوڵەتییەکانی لەژێر ڕکێفدایە. بەشێك لە خودی دەزگای دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی, لە هەموو کەس زیاتر دەرفەت و شانسی ئەمەی هەیە_ لەڕاستیدا چەندبەش لە دووی خورداديیەکان کە بێگومان لەهەوڵی ئەوەدا ئەبن کە سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك بن ( حەجەریان و کەسانی تر ئەتوانن هەوڵ بدەن کە ڕۆڵی یەلتسین لە کودەتای سوپادا ببینن). ئەم دەوڵەتەش بێگومان توانا و دەسەڵاتەکانی سنووردار ئەبێت و بە خێرایی جێی خۆی بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەوڵەتەکانی پاش خۆی, کە پێکهاتەی جۆراوجۆریان ئەبێت, ئەدات. لەپەیوەست بەمەوە, سیاسەتی ئەمریکا و باڵی ڕاستی بۆرژوازی, فاکتەرێکی گرنگە. هەوڵی ئەمانە بۆ دامەزراندنی جۆرێك لە پەرلەمان وەیان دەوڵەت لە تاراوگە, کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی ئەو دەوڵەتگەلانە ئەبێت, کە بە دەسەڵات دەگەن.

8/ دەوڵەتێك کە لە دوای سەرنگوونی کۆماری ئیسلامی دێت, دەوڵەتێکی نائاسایی و کاتیی ئەبێت. تەمەنێکی دیاریکراو و دەستوورکارێکی فەرمی دیاریکراوی ئەبێت. دەستوورکارەکەی بریتییە لە ئامادەکاریی بۆ دانانی نیزامی کۆمەڵگا, لە ڕێگای ڕیفراندۆم وەیان هەر پرۆسەیەکی تری بەشێوەدیموکراتیك. ڕادەی دەسەڵات و بازنەی کاری ئەم دەوڵەتە سنووردار ئەبێت و بە پێکهاتنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و دەخاڵەتی حیزبە سیاسیەکان ئەتوانرێت سنووردارتر بکرێت. بەڵام ئەوەی بەڵگەنەویستە ئەوەیە کە لەلایەکەوە, خۆناساندنی ئەم دەوڵەتە وەك نوێنەری خێرخوازیی و سەقامگیریی و ئارامیی, وە لەلایەکی ترەوە, پاراستن و پشتیوانی نێونەتەوەیی لەم دەوڵەتە, ئەتوانێت دەسەڵات و جێوشوێنەکەی بەهێز بکات.

9/ ئۆپۆزیسیۆنی پرۆڕژێم (ئەکسەریەت, ڕۆشنفکران و ژۆرنالیستەکانی, حیزبی تودە و ...هتد.) ناتوانن خۆبەخۆ هیچ ڕۆڵێکی سەربەخۆ بگێڕن. ئەمانە تەنها بەوێنەی زەخیرەی باڵی ڕاستی بۆرژوازی و بەوێنەی ڕێخۆشکەری بەدەسەڵاتگەییشتنی ئەوان کاردەکەن. ئەمانە حەڵقەی پەیوەندەری دەوڵەتی پاش سەرنگوونی کۆماری ئیسلامین تا بە دەوڵەتی بۆرژوازی ڕاستڕەو دەگات.

10/ موجاهدین هێزێکی بێ ڕەگوریشەیە لە کۆمەڵگادا. بەڵام پارە و پیاوی هەیە و لەوەش گرنگتر ئارەزوویەك کە هەیەتی لە سەرچڵی و خۆسەپاندن بە زەبری چەك بەسەر کۆمەڵگادا. لەکاتێکدا ئەگەر هێزەکانی موجاهیدین بەسەلامەتی لە عێراقدا بمێننەوە, ئەوا لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتاکانی داڕوخانی دامودەزگای دەوڵەتدا,



هێزەکانیان ڕەوانەی ئێران ئەکەن و چەند ناوچە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا وەیان باشوور ئەخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە. هەروەها لە تاران و شوێنەکانی تریش بەوێنەی هێزێکی سیاسی_ سەربازیی دەچنە مەیدانەوە. ئەمانە پایەیەکی هاتنەکایەوەی سیناریۆی ڕەشی پاش کۆماری ئیسلامین.

11/ فاکتەرێکی تر کە دەبێت لەبەرچاوبگیرێت, پەیدابوونی گروپگەلی چەکداری فاشیستی ڕاستڕەو و ڕۆڵی ڕەوت و گروپگەلی چەکداری ناوچەییە.

12/ تەوەرەی بنچینەیی سیاسەتی باڵی ڕاستی بۆرژوازی و هەروەها ئەو ڕەوتانەی تر کە پاش کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی کاتی دێنە مەیدان, کۆنترۆڵکردنی خەڵك و دەرپەڕاندنیانە لە مەیدانی سیاسەت. بەسەرنجدان لەبوونی جەمسەرێکی بە نفوزی چەپ (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی), بەبڕوای من ڕاست, بەبێ چەندوچوون, لەباربردنی نارەزایەتی خەڵك و ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی شۆڕش, لەبەردەم خۆی دائەنێت. جێوشوێنی کۆمەڵگای ئێران لەم ڕووەوە, لەگەڵ وڵاتانی تری وەك یۆگۆسلافیا, کە ڕۆژئاوا و ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی دەیانەویست بۆ ماوەیەك خەڵکی لە مەیداندا بمێننەوە, جیاوازە. کرۆکی ئەم جیاوازییە, لەئارادابوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانە.

13/ تەرحی ڕیفراندۆم, بەدەر لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی, پلاتفۆرم و تەرحی وەدەرنانی زووبەزووی خەڵك و ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی شۆڕشە بەهۆی چەند پرسیارێکی فریودەرانەی وەك, پاشایەتیی دەوێت یان کۆماریی. ڕێك وەکوو ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بەڵێ یان نایە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی, بەهەمان شێوەی ڕابوردووی, ئەبێت بەدڵنیاییەوە ئەم تەرحە ڕیسوا بکات.

14/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەبێت سیاسەتی خۆی لە دوو مەیداندا ڕۆشن بکاتەوە: سیاسەتی لەبەرامبەر دەوڵەتێك کە لە دوای کۆماری ئیسلامیی دێتە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەركار و دووەم, سیناریۆ وەیان تەرحی بەجێگەیاندنی دیموكراتیكانە و ئاشتییانەی نیزامی جێمەبەستی خەڵك و كەمكردنەوەی ئەگەری ڕوودانی سیناریۆی ڕەش.

15/ دەربارەی سیاسەتی حیزب لەبەرامبەر دەوڵەتی جێنشینی كۆماری ئیسلامی.

سیاسەتی حیزب هەتا ئێستا ئەوەبووە كە, بەسەرنگوونی كۆماری ئیسلامیی, ئەبێ حیزب بە دەسەڵات بگات, وەیان ئێمە وامان دەوێ. ئەم وەڵامە دروستە بەڵام كافی نییە. دروستە چونكە هەروەكوو لە بەندەكانی پێشوودا ئاماژەی پێ كرا, سیاسەتی پایەیی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی لەم دەورەیەدا ئەنەخشێنێ. ناكافییە چونكە هاوسەنگی هێزی هەبوو لە كۆمەڵ و سەرئەنجام, ئەگەرەكانی ئاڵوگۆڕەكانی هەلومەرجەكە لەبەرچاو ناگرێت. سەرباری ئەوەش, وێنایەك كە بۆ ڕۆڵی حیزب لەم دەورەیەدا ئەیداتە دەست, وێنایەكی تەواو ئۆپۆزیسیۆنییە, كە تەنها لە خوارەوە زۆر (زەخت) ئەهێنێت. نەك هێزێك كە بییەوێت بەهۆی گشت دەزگاكانی دەسەڵاتەوە, هەلومەرجەكە بەوجۆرە بگۆڕێت, كە خۆی لەبەرچاوی گرتووە. زۆرهێنان لە خوارەوە, لەگەڵ زۆرهێنان لەسەرەوە لێك گرێ بدات. لەمانە گرنگتر ئەوەیە كە, خودی ڕۆشنكردنەوەی سیاسەتی حیزب لەبەرامبەر دەوڵەتێكی لەو جۆرە, ڕۆڵی گرنگ لە پێكهێنانی چاوەڕوانییەكانی خەڵك لە بەرامبەر حیزب و زۆرهێنان بۆ ئۆپۆزیسۆن و لە كۆتاییشدا بۆ سەر سیاسەتەكانی خودی ئەم دەوڵەتە, ئەگێڕێ. ئەمانە گشت, ئەتوانن هەلومەرجەكە باشتر بە قازانجی ئێمە بگۆڕن.

16/ بەبڕوای من, پێویستە بناغەی سیاسەتی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی لەبەرامبەر دەوڵەت لەم دەورەیەدا, پشت بە چەند سەرەتایەك ببەستێ. مەبەستم لە سیاسەت لەبەرامبەر ئەم دەوڵەتە, بەمانای پارێزگاریكردنی نییە, بەڵكوو مەبەستم لە چوارچێوەیەكە كە تیایدا حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی خوازیاری سەرنگوونی ئەم حكومەتە, لە ڕێگای بەكارهێنانی هێزەوە نەبێت, پابەندی ئەو بنەمایانە بێت كە



لەسەری ڕێككەوتوون و لە وانی تریش داوا بكات كە, ئەوانیش پێوەی پابەند بن:

ئەلیف: هاتنەمەیدانی خەڵك و مسۆگەركردنی زۆرترین پێویستی بۆ بەشداریكردنیان لە دیاریكردنی چارەنووسی كۆمەڵدا.

ب: وەستانەوە لە دژی ڕاگەیاندنی, كۆتاییهاتنی شۆڕش, تا ئەوكاتەی كە خەڵكی ئەتوانن لە فرسەتێكی گونجاودا, بڕیاری خۆیان لەبارەی ئاییندەی نیزامەوە بدەن.

پ: ڕەسمییەتبەخشین بە خەسڵەتی كاتیی ئەم دەوڵەتە_ ئەمە دەوڵەتێكی سیاسییە, بەو مانایەی كە لە باسی دەوڵەت لەسەردەمەكانی شۆڕشگێڕیدا هاتووە. بنەمای ڕێكەوتن و ڕەزامەندی حیزب بۆ دەوڵەتێكی لەم جۆرە, ناكرێت بنەمایەكی ئابووری هەبێت. ڕۆڵی ئەم دەوڵەتە ئابووری نییە.

ت: وەستانەوە لەبەرامبەر جێبەجێبوونی سیناریۆی ڕەش.

ج: مسۆگەركردنی زۆرترین بوار بۆ بەشداریكردنی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی لە سەرەوە و لە خوارەوە.

17/ بنەمای پەیوەندی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی بەم دەوڵەتەوە (بەو مانایەی كە لەسەرەوە ئاماژەی پێ كرا), لەسەر بنچینەی پەیماندان و جێبەجێكردنی یەكسەری داخوازە سیاسییەكانە, وەكوو ئەمانە:

_ ڕاگەیاندنی لەناوچوونی كۆماری ئیسلامیی و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسایانەی كە لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووە.

_ ئازادیی تەواو و بێ قەید و مەرجی ڕا دەربڕین, ڕێكخراوبوون, ناڕەزایەتی دەربڕین_ بەوجۆرەی كە لە بەرنامەدا باسكراوە.

_ ڕاگەیاندنی ئەوەی كە, ئایین كاری تایبەتی كەسەكانە. دەسبەسەراگرتنی دارایی دەزگا ئایینییەكان, وەقفەكان (ملكومالێك كە داهاتەكەی لە خزمەتی ئایین و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دامودەزگاکانیدا بێت_ وەرگێر), هەڵوەشاندنەوەی هەر پشتیوانییەك لە دەزگا ئایینییەکان.

_ ڕاگەیاندنی بەرابەریی تەواوی نێوان ژنان و پیاوان لە گشت یاساکانی کاروباری کۆمەڵایەتیی, هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو یاسایانەی کە لەدژی ژنن.

_ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ئیتیلاعات (ئاساییشی کۆماری ئیسلامیی ئێران_ وەرگێر) و سوپای پاسداران.

_ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئیعدام.

_ دابینگردنی دەسڕاگەییشتنی هەموو کەسێك بە دامودەزگا گشتییەکان, بەتایبەت حیزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان.

_ قەدەغەکردنی فەرمانڕەوایەتی حیزبە سیاسییەکان بە زۆری چەك بەسەر خەڵکەوە (ڕەنگە ئەمە پێوستی بە وردکرنەوەی زیاتر هەبێ), بلۆککردنی کۆنتۆی لێپرساوانی کۆماری ئیسلامیی, قەدەغەکردنی نارنەدەرەوەی پارە لە ئێرانەوە.

ئەکرێت ئەم بەشە, بە چاوخشاندنەوە بە باسی سیناریۆی ڕەش, وردتر بکرێتەوە.

18/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بۆ بەرگرتن بەجێبەجێبوونی سیناریۆی ڕەش و دابینکردنی ڕێگایەکی شارستانی و دیموکراتیك بۆ گەییشتن بە نیزامی ئایینده ئەبێ:

_ هەوڵ بدات کە جێبەجێبوونی پلاتفۆرمێکی لەوجۆرە, ببێتە داخوازی خەڵك.

_ زۆر بهێنێت بۆ هێزە سیاسییەکان کە پەیمان و پابەندی خۆیان ڕابگەیەنن.

_ ڕای بگەیەنێت کە لە حاڵەتی مسۆگەربوونی پلاتفۆرمێکی لەوجۆرە, ئامادەیە بەشداری لە دەوڵەتدا بکات, وەیان تەنانەت خۆی بێت, دەولەتێکی لەوجۆرە بنیات بنێت.



19/ سەبارەت بە تەرحی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامییەوە بۆ نیزامی هەڵبژێرراوی خەڵك, ئەبێ تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

ئەلیف: ناکرێت تەرحی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی داهێنانێکی نوێ بێت. ئەم تەرحە ئەبێ بە فەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگا نامۆ نەبێ و ناسراو بێت.

ب: جێبەجێبوونی ئەم تەرحە ڕاستەوخۆ بەمانای هاتنەکایەوەی حکومەتی جێمەبەستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی نابێت. بۆنموونە, ڕاگەیاندنی شوراکان بەناونیشانی دەوڵەت بۆ ئەم دەورەیە لە دوو ڕووەوە نادرووستە: یەکەم, شوراگەلێکی لەوجۆرە لە ئارادا نین و لە حاڵەتی دروستبوونیاندا ڕۆشن نییە ئەکەونە ژێر کاریگەری چ ڕەوتێکی سیاسی وەیان کۆمەڵایەتییەوە. دووەم, پێویستییەکانی (ملزومات) دەسەڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی وەکوو پێشمەرجێك بۆ دەخاڵەتی حیزب ئەناسێنێ و وا دەرئەکەوێ کە مەیدانبازی و هەلومەرجی دیموکراتیك بۆ دەخاڵەتی حیزبەکانی تر مسۆگەر ناکات. ئەمە ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشار (زەخت)ی سەر ئەو حیزبانە و مەیدانی مانۆریان زیاتر فراوان ئەکاتەوە.

20/ بەسەرنجدان لەو خاڵانەی سەرەوە, بە بڕوای من تەرحی, دەوڵەتی کاتیی + ئەنجومەنی بنیاتنەران (مجلس موسسان) + ڕیفراندۆم, ئەتوانێت تەرحی مەقبوڵی حیزب بێت. ئەنجومەنی بنیاتنەران تەنها یەك بەشێکی ئەم تەرحەیە و لەم چوارچێوەیەدا زۆرێك لەو ناکۆکییانەی تیدا نییە کە لە ئەنجومەنی بنیاتنەرانی تەرحکراوی کەسانی تردا هەیە. لە نێو ئەو ئاڵتەرناتیڤانەی کە لە ئارادایە, لە هەموویان کەمزەرەرترە و بەتایبەت کەمزەرەرترە لە بێدەنگی, وەیان لە بێ نەخشەیی حیزب لەم بارەیەوە.

21/ سەرەنجام ئەگەر خاڵەکانی ئەم باسە دروست بێت, پێویستە حیزب ئەم کارانە ئەنجام بدات:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەليف: دەركردنی بەياننامەيەك شانبەشانی ڕاگەياندنی مافە سياسييە سەرەتاييەكانی خەڵك لە دەورەی تێپەڕين.

ب: ئەم بەياننامەيە بۆ تەواوی حيزب و كەسايەتييەكان (ليستێك لە جۆری ئەو ليستەی كە بۆ كۆنگرە پێی داوەت ئەكرێن) بنێردرێ, وە داوايان لێ بكەيت كە پەيمان و پابەندبوونی خۆيان بۆ داكۆكيكرن و جێبەجێكردنی ئەم مافانە لە هەر ئاستێكدا بوون, ڕابگەيەنن.

ج: حيزب كەمپينی فراوانی سياسی بۆ بەرجەستەكردنی مەترسييەكانی ئەم دەورەيە و چۆنيەتی بەرگرتن بە سيناريۆی ڕەش و پاراستنی مافەكانی خەڵك ئەنجام بدات. تۆپەكە بخاتە نێو مەيدانی هێزەكانی تری ئۆپۆزيسيۆنەوە, زۆريان بۆ بهێنێت و بيروڕای گشتی كۆمەڵ ساز بدات.

د: حيزب تەرحی خۆی بۆ ئەم دەورەيە يانی, دەوڵەتی كاتی + ئەنجومەنی بنياتنەران + ريفراندۆم ڕابگەيەنێت.

بە بڕوای من هێنانەگۆڕی ئەم باسە بەتەواوی تواناوە و بەدەستەوەگرتنی هەموو لايەنەكانی, جێوشوێنی حيزب زۆر بەهێز ئەكات و حيزب لە مەيدانی سياسەتی ئێراندا ئەباتە جێگيەكی تر.

فاكتۆرێكی تر, هەوڵوتەقەلای ئەمريكايە بۆ پێكهێنانی ئەنجومەن وەيان پەرلەمانێك لە تاراوگە وەيان دەوڵەت لە تاراوگە. ئەم هەوڵوتەقەلايەی ئەمريكا لەگەڵ نزيكبوونەوەی ڕوخانی كۆماری ئيسلامی بە هاوكاريی گشت هێزە ڕاستەكانی بۆرژوازی و ليبراڵەكان و دووی خورداديیەكانی پێشوو گورجتر ئەبێتەوە. ڕاگەياندن و جێبەجێكردنی ئەو پێشنيارانەی سەرەوە لەلايەن حيزبەوە, گورزێكی پێشوەختە لەو هەوڵوتەقەلايانەی هێزە ڕاستڕەوەكان و چوارچێوەی مانۆرەكانيان ئەگۆڕێت.



وەڵامدانەوەی چەند پرسيارێك كە لە پلينۆمدا خرانە ڕوو [1]:

ـ ئايا تەرحكردنی دەوڵەتی كاتی بەو جۆرە, وێنايەكی لاواز لەسەر حيزب ناداتە دەست؟ بەبڕوای من نەخێر مەرج نييە. ئەگەر حيزب نەك هەرتەنها وەكوو ئۆپۆزيسۆنێك بەڵكوو بەوێنەی يەكێك لە بنياتنەرانی دەوڵەتێكی لەوجۆرەش بێتە مەيدان, بەپێچەوانەوە, وێنايەكی بەهێزتر لەسەر خۆی ئەداتە دەست. با وادابنرێت كە, ئەگەر ڕەزا پەهلەوی بە تەرحێكی لەوجۆرەوە بێتە مەيدان, تەرحێك كە ئەمريكا سەرقاڵی ئەوەيە كە هێزی بۆ كۆبكاتەوە, بەهيچ جۆرێك وێنايەكی لاواز لەسەر ئەو ناداتە دەست. بەڵكوو بەناونيشانی كەسێك كە ئەيەوێت خۆی بۆ دوای نەمانی كۆماری ئيسلاميی ئامادە بكات, بەهێزتر دێتە پێش چاو.

ـ ئايا تەرحی ئەنجومەنی بنياتنەران لەلايەن ئێمەوە پاشەكشەكردن نييە؟ ئايا كورسييەكانی ئەنجومەنی بنياتنەران نەگيراوە؟ خۆزگا تەرحێكی تر هەبوايە. من پێشوازی لەهەر تەرحێك ئەكەم كە وەڵامدەرەوەی هەلومەرجەكە بێت. بەڵام سەبارەت بە خودی ئەنجومەنی بنياتنەران, پێويستە سەرنجی ئەم خاڵانەی خوارەوە بدرێت:

ئەليف: لەمڕۆدا, ئەنجومەنی بنياتنەران تەرحێكی بێخاوەنترە لەچاو ريفراندۆم.

ب: هەموو ئەو ڕەخنانەی كە لە ئەنجومەنی بنياتنەرانی تەرحكراوی ئۆپۆزيسۆن هەمانە, هەر لە شوێنی خۆيدايە. لە تەرحەكەی ئێمەدا, ئەنجومەنی بنياتنەران بە ريفراندۆم و دەوڵەتی كاتييەوە بەستراوەتەوە.

ج: ئەگەر حيزبی كۆمۆنيستی كرێكاريی هەمەلايەنە و هێرشبەرانە بێتە مەيدان و ئەنجومەنی بنياتنەران وەكوو بەشێك لە تەرحەی, بخاتە ڕوو, ئەتوانێت كە, كورسييە داگيركراوەكان لەژێر ئەوانەی كە داگيريان كردووە دەربهێنێت.

**[1] خاڵی 22 لە دەقی باسەكەدا ديار نييە, ئەشێ لەو جێگايەدا بێت كە ئەم ئەستێرەيەمان لێی داناوە/ وەرگێڕ**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

د: ئەنجومەنی بنیاتنەران خۆی لەخۆیدا ئۆرگانێکی ناپەسەند نییە. ئاڵتەرناتیڤی ئێمە نییە. شتێکە لەبابەت پەرلەمان. ئەمە دروشمی بۆڵشەویکەکانیش بووە, کە بەسەرنجدان لە هەلومەرجی کۆمەڵگاکەیانەوە, پەسەندیان کردووە.

23/ ئایا تەرحی دەوڵەتی کاتیی, ڕازیبوون نییە بە قۆناخبەندیکردنی شۆڕش و سپاردنی شۆڕشی سۆسیالیستی بە "ئایینده" نییە؟ بەبڕوای من, ئەگەر ستراتیژی حیزب ڕۆشن بێت, ئەگەر ئەوە دیار بێت کە لە چ زەمینەیەکدا و بۆ کام دەورە ئەم کارە ئەنجام ئەدرێت, بەهیچ کلۆجێك ئەم ڕۆڵەی نابێت. ئەمە دەوڵەتێکی کاتییە, چەند مانگییە, ڕێگە بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و بە خەڵك ئەدات, کە بە شێوازێکی دیموکراتیك, چارەنووسی کۆمەڵگا بگرنە دەست. بەپێی ئەو خاڵانەی کە بە ناونیشانی سەرەتا خستمە ڕوو, ئەبێ جیاوازی بنەڕەتی ڕۆشن بێت.

24/ هەریەکێك لەم خاڵانە, بەتایبەت خاڵی, بەیاننامەی مافە سیاسییەکانی خەڵك لە دەورەی تێپەڕیندا, ئەکرێت بەتەنیا تەرح بکرێت و پێش بخرێت. بەڵام بە بڕوای من, توانایی حیزب لە هێرشبردنێکی هەمەلایەنەدایە. بەشەکانی ئەم پێشنیارە, نەخشەیەکی هەمەلایەنەیە, کە نەتەنها هەر دەستی حیزب نابەستێتەوە, بەڵکوو زۆرترین ئیمکان, کەشوهەوا و مەیدانی مانۆری پێ ئەدات و کەشوهەوای سیاسی بە قازانجی حیزب وەردەگێڕێت.

❊ ❊ ❊

ئەم بەڵگەنامەیە:

"سقوط جمهوری اسلامی و نقش حزب کمونیست کارگری ایران"



لەم ئەدرێسەوە:

www.anternasional.com/bahs-hkk.htm

سایتی/ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران

اسناد مباحث درونی حزب کمونیست کارگری ایران

وەرگیراوە

❊

2004/11/21



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com